# بیوگرافیای قەیرانی
# یاسای نەوت وگاز
# ڕاستیەکانی دۆکیومێنتکراو بۆ مێژوو

بەڕێز
**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵا**
**وەزیری داد/ حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

وەرگێڕانی
**محمد ناصح محمد ئەمین**
**ماستەر لە یاسای گشتی**

**٢٠٢٣**

سامانی نەوت و گاز بە پرسێکی جەوهەری دادەنرێت لەو وڵاتانەی کە ئەم مادەیە سەرچاوەی سەرەکی یە بۆ دابینکردنی دارایی بودجەی ساڵانەیان، هەروەها ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی هەیە بۆ پلانی گەشەپێدان و وەبەرهێنان تێیدا، وە گرنگیەکی زیاتر دەبێت لە وڵاتانی فیدراڵی ئەگەر خاوەنی ئەو سامانە بێت، بەهۆی وروژاندنی کێشەکان لەنێوان حکومەتی ناوەندی وحکومەتی هەرێمەکان، بە تایبەت ئەگەر ئەو سامانە سەرچاوەیەکی گەورەی داهاتی دەوڵەت پێکبهێنێت،ئەگەر سەرچاوەیەکی گەورە و باڵادەستی داهاتی دەوڵەتی پێکهێنابێت، وەک ئەوەی لە کۆماری عێراقی فیدراڵ بوونی هەیە، کە نەوت و گاز تەوەری سەرەکی گفتوگۆ و وتووێژە دەستوورییەکانی لە عێراق پێکدەهێنا، جا چ لە لیژنەکانی داڕشتنی دەستوور لە ئەنجوومەنی نیشتمانی یاخود لەنێو سەرکردەکانی پێکهاتە سیاسییەکان لە قۆناغی داڕشتنی دەستووردا، هاوشێوەی دەوڵەت فیدڕاڵیەکانی دیکە لەو پرسەدا، بەو پێیەی گرنگی لە پێشینە دەدرا بە پرسی نەوت و گاز لە هەر دانوستانێکی دەستووریدا، کە ئەمەش ترس و بێمتمانەیی هەرێمەکانی لەگەڵدا بوو بەرامبەر بە حکومەتی فیدراڵی کە بە دادپەروەرانە مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێت و لە شایستەکانی بێبەش بکرێت و داهاتی ئەو سامانە بەفیڕۆ بدرێت، یاخود ئەوەی کە حکومەتی فیدراڵی پەنا بۆ بەکارهێنانی شایستەی هەرێمەکان ببات وەك چەكێك بۆ فشارکردن لەسەریان بە جۆرێک کە لە شایستەکەی کەم بکاتەوە یان کردەی گواستنەوەی بۆ هەرێمەکان خاوبکاتەوە وکاتی پێویست بە فیڕۆبدات، لە ژێر ڕۆشنایی ئەم ترسانەدا هەرێمەکان هەوڵدەدەن مافی خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانیان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە سامانی نەوت و غاز جێگیر بکەن و بە شێوەیەکی دەستوری پەسەندی بکەن و بیچەسپێنن بۆ دوورخستنەوەی هەموو ئەو شتانەی کە ڕەنگە ببنە هۆی گۆڕین یاخود دەسکاریکردن، هەرچەندە بابەتەکە بە دەق ئاماژەی پێکراوەو وە بەیاسا بەڕێوەبردنی ڕێکخراوە، ئەوەش بەتەنها دەستەبەری گۆڕینی ناکات لەلایەن حکومەتی ناوەندی ودەسەڵاتەکانیەوە بەتەنها، بەڵکو هەرێمەکان دەستەبەری دابەشکردنی دادپەروانەی ئەو سامانە دەکەن لە پێناوی پارێزگاریکردن لە سەربەخۆیی دارایی، بەتایبەتی ئەگەر نیگەرانییەکان ڕاستەقینە بن، وەک ئەوەی لە ئێستادا لە عێراقدا ڕوودەدات، کە خۆی دەبینێتەوە لە هەڵوێستی حکومەتی فیدراڵی لەسەر هەرێمی کوردستان، وەئەوەی کە پێشتر ڕوویدا لە هەڵوێستی حکومەتی سودان بەرامبەر بە هەرێمی باشووری سودان پێش جیابوونەوەی، ئەمەش وایکرد هەرێمە فیدراڵیەکان بە هەرێمی کوردستان - عێراقیشەوە پێداگری بکەن لەسەر دابینکردنی گەرەنتی دەستوری لە هەموو شتێکی پەیوەست بە سامانی نەوت و گاز بۆ ئەوەی بگەنە دابەشکردنێکی دادپەروەرانەی ئەم سامانە و چەسپاندنی باڵادەستی یاسای هەرێم بەسەریدا یاسای فیدراڵی لە ئەگەری ناکۆکی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی یان جیاوازی نێوان یاساکانی ئەو دوو لایەنە یاخود دژایەتی نێوانیان وە چەندین گەرەنتی دیکە کە دەچینە سەر وردەکاریەکانی و باسی پاڵپشتیە دەستوریەکانی دەکەین، تەنانەت ئەگەر بوونە ڕەنگی سەر کاغەزیش بەهۆی پابەندنەبوون پێوەیان، سەرەڕای ڕوونی دەقە دەستوورییەکان و ڕاشکاویی بڕگەکانیان و پێویست نەکردنیان بە لێکدانەوە یاخود ئیجتیهاد کە (هیچ پاساوێک نیە بۆ ئیجتیهاد لە بوونی دەقدا).

## یەکەم/ دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥:

دەستووره فیدراڵیەکان جیاوازن لە گرتنەبەری شێوازی دابەشکردنی دەسەڵات و تایبەتمەندیەکان لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و ئاستەکانی تری فیدراڵی ( ویلایەتەکان، هەرێمەکان، هەرێمەکان، پارێزگاکان) هەروەها سەبارەت بە سیستەمی دابەشکردنی سامان، لەو سیستمانە هەیە لە دەستورەکەیدا دەقیهێناوە لەسەر دەسەڵات وتوانای کاری یەکە فیدراڵیەکان بە شێوەیەکی دیاریکراو وە ئەوەی دیکە کە دەمێنێتەوە بۆ حکومەتی فیدراڵی یە لەوانە (بەلجیکا و ئیسپانیا)، وە لە سیستەمەکانی دیکە دەقیهێناوە لەسەر تایبەتمەندی ودەسەڵاتە فیدراڵیەکان بەشێوەیەکی دیاریکراو و ئەوەی دیکە کە دەمێنێتەوە تایبەتمەندی یەکە فیدراڵیەکانە (ویلایەتەکان، هەرێمەکان و..هتد)، لەوانە (ئەمریکا، سویسرا، ئوسترالیا، نەمسا و ئەڵمانیا)، وەجۆری سێیەم لە سیستەمەکان بەدەق ئاماژەی بە دەسەڵات و تایبەتمەندی هەرێم و ویلایەتەکان داوە لەپاڵ ئاماژەدان بەدەق بە دەسەڵاتە هاوبەشەکان لەنێوان دەسەڵاتە فیدراڵیەکان و دەسەڵاتی هەرێم و ویلایەتەکان وەك (کەنەدا، هیندستان).

سەبارەت بە دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥، ڕێبازی دیاریکردنی تایبەتمەندی دەسەڵاتە فیدراڵیەکانی لە مادەی (١١٠)دا گرتۆتەبەر و وای داناوە کە تایبەتمەندی دیاریکراون وبەدەر لەوانە هیچی دیکە نی یە کە لە نۆ بڕگەدا ڕوونی کردۆتەوە[١]، هەروەها وای داناوە هەموو ئەو تایبەتمەندیانەی کە بەدەق ئاماژەیان پێنەدراوە لە چوارچێوەی تایبەتمەندی یە دیاریکراوەکانی دەسەڵاتە فیدراڵیەکان لە تایبەتمەندی وتوانای کاری هەرێم و پارێزگا ڕێکنەخراوەکانە لە چوار چێوەی هەرێم دا، هەر وەک لە ناوەڕۆکی مادەی (١١٥) دا هاتووە[٢]، لەپاڵ باسکردن لە دەسەڵاتە هاوبەشەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکان لە مادەی (١١٤)، (١١٣)، (١١٢) و (١١١)، پاشان

---

[١] مادەی (١١٠): دەسەڵاتە فیدراڵیەکان تایبەتمەندن بەم دەسەڵاتە حەصریانەی خوارەوە:

یەکەم: داڕشتنی سیاسەتی دەرەوە و نوێنەرایەتی دیپلۆماسی، و دانوستاندن لەسەر پەیماننامە و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتەکانی قەرزکردن و واژۆکردن و ئەنجامدانیان و داڕشتنی سیاسەتی سەروەری ئابووری و بازرگانی دەرەکی.

دووەم: پەرەپێدان و جێبەجێکردنی سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانی، لەوانە دامەزراندن و بەڕێوەبردنی هێزی چەکدار، بۆ دەستەبەرکردنی پاراستن و ئاسایشی سنوورەکانی عێراق و بەرگریکردن لێی.

سێیەم: داڕشتنی سیاسەتی دارایی و گومرگی، وەدەرکردنی دراو، وڕێکخستنی سیاسەتی بازرگانی لە سەرانسەری سنوورەکانی هەرێم و پارێزگاکان لە عێراق، وەدانانی بودجەی گشتی دەوڵەت وکێشانی سیاسەتی نەختینەیی ودامەزراندن و بەڕێوەبردنی بانکی ناوەندی.

چوارەم: ڕێکخستنی کارەکانی پێوانەوکێشانە وقورسایی.

پێنجەم: ڕێکخستنی بابەتەکانی ڕەگەزنامە ونیشتەجێبوون و مافی پەنابەری سیاسی.

شەشەم: ڕێکخستنی سیاسەتی فریکوێنسی پەخش و پۆست.

حەوتەم:- داڕشتنی بودجەی گشتی و وەبەرهێنان.

هەشتەم: - پلاندانان بۆ سیاسەتەکانی پەیوەست بە سەرچاوە ئاوییەکانی دەرەوەی عێراق، و دڵنیابوون لە ئاستی ئاو.

نۆیەم: - ئامار و سەرژمێری گشتی دانیشتوان.

[٢] مادەی (١١٥): (هەموو ئەو شتانەی لە دەسەڵاتە حەصریەکانی دەسەڵاتی فیدراڵیدا دیاری نەکراون، تایبەتمەندی ئەو هەرێم و پارێزگایانە دەبێت کە لە هەرێمێکدا ڕێکخراو نین).

چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ بابەتەکان لەرووی دارشتنی سیاسەتەکەی و چۆنیەتی مامەڵەکردن و بەڕێوەبردنی ڕوونکردۆتەوە، بەرروونی وبەراشکاوی لە دەقی مادەی (١١٥) ئاماژەی داوە بەوەی کە تایبەتمەندیەکانی دیکە هاوبەشن لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکان بە هاوبەشی وبەسازان بۆ بەڕێوەبردن وکێشانی سیاسەتی هەر حاڵەتێك بەپێی مادەی ئاماژە پێکراو وە ئەگەر جیاوازییان هەبێت تێیدا لە پێشینەیی بۆ یاسای هەرێم وپارێزگاکانە کە لە هەرێمێکدا ڕێکنەخراون[1].

تێرامان لە دەقی ئەم مادەیە بە ناوەڕۆکی وئەوەش کە ئاماژەی پێنەکردووە ئاماژەیە بۆ ئەوەی هەموو ئەوەی لەدەرەوەی دەسەڵاتی دیاریکراوی دەسەڵاتە فیدراڵیەکانە لە مادەی (١١٠) ی دەستور ئەوە لە دەسەڵات و تایبەتمەندی حکومەتی هەرێم و پارێزگایانەیە کە لە هەرێمێکدا ڕێکخراونین.

ئەوەی لەم بابەتەدا جێگەی سەرنجی ئێمەیە، بریتیە لە پرسی نەوت و غاز، بۆیە بابەتەکانی دیکەی دەسەڵاتە هاوبەشەکانی مادەکانی (١١٣ و ١١٤) ی تایبەت بە بابەتەکانی دیکەی بەدەر لە نەوت وغاز وەلادەنێین، و سەرنجمان لەسەر پرسی نەوت و گاز چڕ دەکەینەوە.

## دووەم/ هەڵوێستی حکومەتی فیدراڵی سەبارەت بە بەڕێوەبردنی نەوت و گاز و دابەشکردنی داهاتەکانیان:

لەرێگەی چاوخشاندنمان بە هەڵوێستی حکومەتی فیدراڵی کە خۆی دەبینێتەوە لە وەزارەتی نەوت، وە ئەو داوایەی کە لەلایەن ئەوەوە لە دادگای فیدراڵی بە ژمارە( ٥٩ / فیدراڵی/ ٢٠١٢) تۆماری کردووە، وادەردەکەوێت کە پرسی نەوت و غاز لە چوارچێوەی تایبەتمەندیە دیاریکراوەکان هەژمار دەکرێت بە پێچەوانەی بڕگەکانی دەستوور و دەقەکانیەتی کە گریمانەی هیچ جۆرە ڕادەربڕین و لێکدانەوەیەك ناکەن، وە ئارگومێنتی لەوەدا مادەی (١١١)ی دەستوورە، کە دەڵێت: (نەوت و غاز موڵکی هەموو گەلی عێراقە بە گشتی لە هەموو هەرێم و پارێزگاکان)، وە حکومەتی فیدراڵی خۆی بە نوێنەری گەلی عێراق دەزانێت، و بە لێکدانەوەی ئەمەش لەلایەك پەیوەندی نێوان مادەی پێشوو و مادەی (١١٢/ یەکەم/دووەم)ی دەستوور دەپچڕێت. وە لە لایەکی دیکە ئەوە چاوپۆشی لە مادەی (١١٠) دەکات کە تێیدا تایبەتمەندی دەسەڵاتە فیدراڵیەکان بە شێوەیەکی دیاریکراو بڕێنراوەتەوە ، سەرباری ئەوەی لەلایەنی سێیەمەوە ئەو مادەیەی پێشتر ئاماژەی پێکراوە پووچەڵی هەر ڕادەربڕین ولێکدانەوەیەك دەکات کە سەربکێشێت بۆ زیادکردنی تایبەتمەندیەکی دیکە بۆی.

مادەی (١١١)ی دەستوور ماددەیەکە زیاتر ناوەڕۆك و گرنگی سیاسی هەیە وەک لەیاسایی، ومەبەست لێی ئەوەیە کە نەوت و غاز وەک چۆن لە سەردەمی ڕژێمە سیاسییە داپڵۆسەرەکان بووە، نەبنە ئامرازێک بۆ هەڵگیرسانی شەڕ لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ یان شەڕی ناوخۆ کە سەروەت و سامانی خەڵکی و داهاتی بودجەی ساڵانە بەفیڕۆبدات، وە

---

[1] کۆتایی مادەی (١١٥): (هەموو دەسەڵاتەکانی دیکە کە دەقیان لەسەر نەهاتووە لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکاندا هاوبەشن، کە تیایدا لەپێشینەیی دەدرێت بەیاسای ئەو هەرێم و پارێزگایانەی کە لە هەرێمێکدا ڕێکخراو نین، لە ئەگەری ناکۆکی لە نێوانیاندا).

سەرپێکیشا بۆ هەژاری گەل و گێرانەوەی بژێوی ژیانی خەڵک بۆ ساڵانی سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق، کە ئەمەش وایکرد زۆرینەی خەڵکی لەژێر هێڵی ئەوپەڕی هەژاری بژین.

لە لایەکی دیکەوە ناتوانرێت ئەو مادەیەی کە باسمان کرد بە دەر لە مادەی (١١٢) بە هەردوو لقەکەیەوە لێکبدرێتەوە، بەو پێیەی دانەری دەستوور بێهودە ڕاستەوخۆ دوای مادەی (١١١) داینەناوە، وە یاسادانەری دەستووریش بە ڕوونی دیاریی کرد تێیدا شێوازی مامەڵەکردنی نێوان هەردوو حکومەت لە بەڕێوەبردنی نەوت و غازی دەرهێنراو لەو کێڵگانەی کە لەبەرهەمهێناندا بوون تا بەرواری نووسینی دەستوور و جێبەجێکردنی، کە پێیان دەوترێت کێڵگەکانی (ئێستا)، وە چۆنیەتی دابەشکردنی ئەو داهاتانەی کە لە هەریەکێکیان کۆدەکرێتەوە و دیاریکردنی پشکی ئەو هەرێمانەی کە زەرەرمەندبوون وبێبەش کراون لە سوودی ئەو کێڵگانە لەلایەن ڕژێمی پێشوو[1].

هەرچەندە ئێمە پێویستمان بە بەڵگەی زیادە نییە بۆ سەلماندنی نادروستی ئەوەی دەسەڵاتی فیدراڵی بۆی چووە سەبارەت بە پشت بەستن بە مادەی (١١١) بۆ سەلماندنی تایبەتمەندی نەوت و غاز بەتەنها بۆی، بەڵام پێمان وایە کە خستنەڕووی بەڵگەی زیادە بەدەر نی یە لە سوود بۆ توێژەران و ئەو کەسانەی گرنگی دەدەن بە کاروباری نەوت و غاز لە هەردوو لایەنی دەستوری و یاساییەوە .

ئەگەر پشکنین بکەین بۆ مادەی (١١٠)ی دەستوور و ئەوەی تێیدا هاتووە سەبارەت بە دەسەڵاتە دیاریکراوەکانیحکومەتی فیدراڵی، وە بە بەراوردێکی سادە لەگەڵ مادەی (بیست و پێنجەم) لە (یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی ڕاگوزەری)، کە بە دەستووری ئەو قۆناغەی لە پێشوودا باسکرا دادەنرا، بۆمان دەردەکەوێت کە مادەی (بیست و پێنج ) لەبەرگیراوەتەوە بۆ ئەوەی ببێتە مادەی (١١٠)ی دەستوور، بڕگەی (ە) لە مادەی ٢٥ لەو یاسایەی ئاماژەی پێدرا وای دادەنێت کە بەڕێوەبردنی سامانە سروشتیەکانی عێراق لە چوارچێوەی تایبەتمەندیەکانی حکومەتی عێراقی ڕاگوزەریە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی نەوت و گاز لە چوارچێوەی سامانە سروشتییەکانە، بەڵام بڕگەی ئاماژە پێکراو بەدەرکراوە و دوورخراوەتەوە لەکاتی داڕشتنی مادەی (١١٠)دا و ناوەڕۆکی مادەی بیست و پێنج گواستراوەتەوە بۆ ئەو مادەیەی دەستوور بۆیە دەقی مادەی (١١٠)ی دەستوور بێبەش بوو لە دەقێک لەسەر سامانە سروشتییەکان.

وە یاسای ژمارە (١٩) بۆ ساڵی ٢٠١٣، یاسای هەمواری دووەمی یاسای پارێزگاکان کە لە هەرێمێکدا ڕێکنەخراون ژمارە (٢١) بۆ ساڵی ٢٠٠٨، پرسەکەی بە شێوەیەکی ڕەها یەکلایی کردووەتەوە کاتێک دەسەڵاتی یاسادانانی فیدراڵی ( ئەنجوومەنی نوێنەران) پشتڕاستی ئەوە دەکاتەوە کە پرسی نەوت وغاز بە یەکێک لە تایبەتمەندیە هاوبەشەکان

---

[1] مادەی (١١٢/ یەکەم): حکومەتی فیدراڵی ئەو نەوت و غازەی لە کێڵگەکانی ئێستا دەرهێنراوە لەگەڵ حکومەتی هەرێمەکان وپارێزگا بەرهەم هێنەرەکان بەڕێوەدەبات، بەو مەرجەی داهاتەکانی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە هاوتا لەگەڵ دابەشکردنی دانیشتوان لە سەرتاسەری وڵاتدا دابەش بکات، هاوکات پشکێک دیاری دەکات بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بۆ ناوچە زیانلێکەوتووەکان، کە بە شێوەیەکی نادادپەروەرانە لەلایەن ڕژێمەوە لێی بێبەش کران ودواتر زیانیان پێگەیشت، بە شێوەیەک کە گەشەسەندنی هاوسەنگی ناوچە جیاوازەکانی وڵات مسۆگەر بکات، وەئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

دادەنرێت ولە پێشینەیی بۆ یاساکانی پارێزگاکانە کە پێشتر ئاماژەیان پێکراوە بەسەر یاسا فیدراڵیەکاندا لە حاڵەتی ناکۆکی و دژیەکیدا[1]. وە ئەمەش لەڕێگەی بڕگەکانی (پێنجەم و شەشەم)ی مادەی دووەمی یاسای پارێزگاکان کە لەهەرێمێکدا ڕێکنەخراون ژمارە ٢١ی ساڵی ٢٠٠٨ پاش هەموارکردن، وەک لە بڕگەی (پێنجەم)دا هاتووە کە: (حکومەتە خۆجێییەکان ئەو دەسەڵاتانەی پێیان سپێردراوە لە دەستوور و یاسا فیدراڵیەکان لە کاروباری ناوخۆیی بەکاربهێنن جگە لەو تایبەتمەندیانەی کە بەشێوەیەکی ڕەها دیاریکراوە دەقی لەسەردراوە بۆ دەسەڵاتە فیدراڵیەکان لە مادەی (١١٠)ی دەستوور). وە لە بڕگەی (شەشەم)ی هەمان مادەدا هاتووە کە: ( بەڕێوەدەبرێت ئەوتایبەتمەندیە هاوبەشانەی کە لە مادەکانی (١١٢ و ١١٣ و ١١٤)ی دەستووردا هاتووە بە هەماهەنگی و هاوکاری لە نێوان حکومەتی فیدراڵی وحکومەتە خۆجێیەکان وە لەپێشینەیێیدا بۆ یاسای پارێزگاکان کە لە هەرێمێکدا ڕێکنەخراون لە ئەگەری ناکۆکی لە نێوانیاندا بەپێی بڕگەکانی مادەی (١١٥)ی دەستوور)، وە گومانی تێدا نییە کە ئەوەی بۆ پارێزگاکان کە لە هەرێمێکدا ڕێکخراو نین ڕاستە، بەدڵنیایەوە بە هەمان شێوە بۆ هەرێمە فیدراڵیەکانیش ڕاستە.

سەرباری ئەوەش، لیژنەی پەرلەمانی بۆ ئامادەکردنی ڕەشنووسی هەموارکردنەوەی دەستوور کە بەپێی مادەی (١٤٢) ڕێگەپێدراوە، لە ڕاپۆرتەکەیدا پێشنیاری زیادکردنی نەوت و غازی کردووە بۆ دەسەڵاتە ڕەهاکانی حکومەتی فیدراڵی، لەکاتی هەموارکردنەوەی دەستووردا، کەواتە پێویستی چییە بۆ ئەو هەموارکردنە لە کاتێکدا نەوت وغاز لە بنەڕەتدا لە تایبەتمەندی یە دیاریکراو وڕەهاکانی دەسەڵاتی فیدراڵیدا بێت!؟

ئەوەی ئێمە مەبەستمان لەم قسەیە ئەوەیە کە لێکدانەوەی حکومەتی فیدراڵی بۆ مادەی (١١١)ی دەستوور هیچ پشتیوانییەکی نییە ودژایەتی ئەو ڕێسایانە دەکات کە لە لێکدانەوەی یاساکاندا پەسەندکراون و تەنها هەنگاوێکە لەسەر ڕێگای هەوڵەکانی بۆ قۆرخکردنی ئۆپەراسیۆنە نەوتییەکان لە گەڕان و دەرهێنان و بەڕێوەبردندا، بەبێ هەبوونی هیچ بنەمایەکی یاسایی، بەڵکو تەنها بەڵگەیە لەسەر یاسا ناوەندیە دەرچووەکان لە ژێر سایەی حکومەتێکی داپڵۆسێنەر ، وپێداگری لەسەر مانەوەی بەبێ هیچ هەڵوەشاندنەوە و هەموارکردنێك، سەرەڕای ئەوەی کە ڕژێمی دیکتاتۆری و فەلسەفەکەی و سیاسەتە ئابوورییەکەی کە گوزارشت لە فەلسەفەی حزبی بەعس دەکات، تەواو جیاوازە لەو فەلسەفەی حوکمڕانی یەی کە دەستوور پەسەندی کردووە لەسەر بنەمای سیستەمی سیاسی دیموکراسی فیدراڵی لەسەر بنەمای (مادەی ١)ی دەستوور[2].

لەبەر ئەوە پابەندبوونی وەزارەتی نەوتی فیدراڵی بەیاسای ژمارە (١٠١)ی ساڵی ١٩٧١ی خۆی کە گوزارشت لە سیستەمێکی حوکمڕانی مەرکەزی دەکات، نەخێر بەڵکو مەرکەزیەتێکی توند وبەهێز، کە هەموو کاروباری نەوت و غاز دەبەستێتەوە بە وەزارەتی

---

[1] هەردوو بڕگەی ( پێنجەم وشەشەم) لەیاسای ژمارە ١٩ ی ساڵی ٢٠١٣ ی یاسای هەمواری یاسای پارێزگاکانی ڕێکنەخراو لە هەرێم ژمارە ٢١ ی ساڵی ٢٠٠٨.

[2] مادەی (١): (کۆماری عێراق یەک دەوڵەتی فیدراڵی سەربەخۆیە، خاوەنی سەروەری تەواوەتی یە، سیستەمی حوکمڕانی تێیدا کۆماری نوێنەرایەتی (پەرلەمانی) دیموکراسییە، وەئەم دەستوورە زامنی یەکڕیزی عێراقە).

نەوت، وە یاسای ژمارە (٨٤)ی ساڵی ١٩٨٥، یاسای پاراستنی سامانی هایدرۆکاربۆنی بە تەواوی دژیەکە لەگەڵ بڕگەکانی دەستووری فیدراڵی ئێستا.

## سێیەم/ هەڵپەساردن جێبەجێکردنی بڕگەکانی دەستوور کە پەیوەندییان بە نەوت و غازەوە هەیە وشێواندنیان:

هەردوو لایەن (حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان) لە ٢٠٠٧/٢/١٥ لەسەر ڕەشنووسی یاسای نەوت و غاز ڕێککەوتبوون، ئەو ستراتیژەی پێکهێنابوو کە لە بڕگەی (دووەم)ی مادەی (١١٢)ی دەستووردا هاتووە، وەڕەشنووسەکە ڕەوانەی ئەنجومەنی شورای دەوڵەت ( ئەنجومەنی دەوڵەتی ئێستا) کرا لەگەڵ چوار پاشکۆکەی خۆی لە بەرواری ٢٠٠٧/٢/٢٨، بەڵام ئەنجومەنی شورای دەوڵەت لەو کاتەدا کە پێویست بوو بەپێی تایبەتمەندی خۆی لەژێر ڕۆشنایی مادەی (١٠١)ی دەستوور کاری لەسەر بکات کە لە (داڕشتن) قەتیسکرابوو، بەڵام دەستوەردانی لە لایەنە جەوهەری و هونەریەکانی ڕەشنووسەکە کردووە بە پێچەوانەی مادەی (١٣/دووەم)ی دەستوور وتێپەڕاندنی دەسەڵاتە دەستووریەکانی.

هە ڕوە ها ئە نجومە نی شورای دە وڵە تی بانگهێشتی نوێنەرانی هە رێمی نە کرد بۆ گفتوگۆکردن لە سە ڕ پڕۆژە کە، و بە تێبینییە کانی لایە نێک ڕازی بوو کە وە زارە تی نە وتی فیدراڵییە، هەرچەندە پڕۆژەکە لە لایە ن پسپۆڕانی هەردوو لایەن ئامادەکرابوو، وە مادەی (١١٢/دووەم) بە دەق ئاماژەی کردووە بەوەی ئامادەبکرێت (**پێکەوە**)، وە مەبەستی یاساکە بریتیە لەوەی کە هەموارکردنەکان بە ڕێککەوتنی نوێنەرانی هەردوو لایەن و پسپۆڕەکانیان ئەنجام بدرێت، وەئەگەر ئەنجومەنی شورای دەوڵەت چاوپۆشی لەم لایەنە بکات ودەسپێشخەری بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاریە بنەڕەتیەکان بکات ئەوا پرسەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم و بە تەواوی پڕۆژەی ڕێککەوتن لەسەرکراو تێکدەداتەوە و هەموو قۆناغەکانی ئۆپەراسیۆنە نەوتییەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ وەزارەتی نەوتی فیدراڵی، وەدەسەڵاتی پێدانی مۆڵەت بۆ گەڕان و پشکنین وگەشەپێدان وبەرهەمهێنان لەدەست دەسەڵاتی ناوەندی فیدراڵی قەتیس دەکات، بە بیانووی ئەوەی نەوت و غاز موڵکی هەموو گەلی عێراقە و وە حکومەتی ناوەندی نوێنەرایەتی گەلی عێراق بە گشتی دەکات و هەرێمەکان وپارێزگاکان شارەزاییان لەو بوارەدا نییە و هەر ئەمەشە لە نوسراوی ئەنجومەنی شورای دەوڵەتی ژمارە (٩١١) لە ٢٠٠٧/٥/٣١دا هاتووە.

لە دەرەنجامی ئەوە بەڕێز (نێچیرڤان بارزانی) سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان نامەیەکی بە ژمارە (٢٥٠) لە بەرواری ٢٠٠٧/٧/٢٢ ئاراستەی بەڕێز (نوری مالیکی) سەرۆکی حکومەتی کۆماری فیدراڵی عێراق - لەوکاتەدا - دەکات، کە تێیدا ئاماژەی بەوەداوە کە ئەنجومەنی شورای دەوڵەت هەستاوە بە لابردنی (پێکەوە) لە ڕەشنووسی یاسای ئامادەکراو لەلایەن هەردوو لایەنەوە سەبارەت بە پرسە بنەڕەتییەکان، کە وایکردووە لەگەڵ بنەماکانی دەستووری فیدراڵی و بەرژەوەندی باڵای دەوڵەتدا ناتەبا بێت، وەئەنجومەنی شورا هەستیاری ئەم بابەتە و ئەو هەوڵانەی تێیدا دراون لەبەرچاو نەگرتووە، بەڵکو ئەنجومەن بە شێوەیەکی ئەنقەست و ناشەرعی دەستوەردانی سیاسی لەو بابەتەدا کردووە و کۆپییەکی لە نوسراوی ئەنجومەنی شورای هاوپێچی نامەکەی کردووە

کە لەسەرەوە باسمان کرد، وەڕوونیکردوەتەوە کە گۆڕانکارییەکانی ئەم ئەنجومەنە زۆربەی ئەو شتانەی لەخۆگرتووە کە لە دەقە جەوهەری وبنەڕەتیەکاندا باسکراون، هەروەها بۆتە هۆی کەمکردنەوەی ڕەسەنایەتی مادده یاساییەکان کە دەگاتە ڕێژەی ٣٠%ی ناوەڕۆکی یاساکە، کە یەکسانە بە سەد بڕگە وپانزە هەزار ووشە لەخۆدەگرێت، و وەهەر وشەیەک بەهای خۆی هەیە لە بابەتە یاساییەکاندا، و بۆ ئاسانکاریی بابەتەکان بە مەبەستی ئامادەکردنی وەشانی کۆتایی - وەک لە نامەکەدا ئاماژەی پێکراوە- سەرۆک وەزیرانی هەرێم پێشنیارەکانی لە پاشکۆی ژمارە (٥)دا خستەڕوو بە پشتبەستن بە مادەکانی دەستوور، و پێدەچێت نامەکە هاوپێچ کرابێت بەچەند پاشکۆیەک، بە تایبەت کە نامەکە و هەڵوێستی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری دەوڵەت کە ڕەشنووسی یاسای دابەشکردنی سەرچاوە داراییەکانیشی لەخۆ دەگرت، بەتەنها لەسەر ڕەشنووسی یاسای نەوت و غاز کورت نەکرابۆوە، ئەگەر وەک هەردوو لایەن لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتەوە دایان ڕشتبوو بۆ دارشتنی وەرەقەی کار (نەخشەڕێگا) لە بەرواری ٢٠٠٧/٢/٢٦ بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکی دەرکردنی یاساکانی (نەوت و غاز) و (بەڕێوەبردنی سەرچاوە داراییەکان) پێش پانزەی مانگی ئازاری ساڵی ٢٠٠٧، وە لە بڕگەی (٥)نەخشە ڕێگاکەدا هاتووەکە حکومەتی فیدراڵی کاردەکات بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێم، بۆ تەواوکردنی پێداویستییەکانی دەرکردن و جێبەجێکردنی (یاسای نەوت و غاز) و (یاسای بەڕێوەبردنی سەرچاوە داراییەکان) بە هاوبەشی وبەچالاککردنی ئەو ئۆرگان و پێکهاتانەی کە دیاریکراون لە ماوەیەکدا کە لە کۆتایی مانگی ئایاری ٢٠٠٧ زیاتر نەبێت، و ئەگەر ئەم بەرواره تێپەڕێنرێت، ئەوا سەرۆک وەزیرانی عێراق و سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆدەبنەوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ڕێگاکانی بەدیهێنانی ئەم کارە لە ماوەی مانگێکدا و وە دۆزینەوەی چارەسەرێک بنەمای ئەم دوو بژاردەیەی خوارەوە:

١- لە ئەگەری جێبەجێنەکردنی بڕگەی (٥) کە لەسەرەوە ئاماژەی پێکراوە تا ٣١ی ئایاری ٢٠٠٧، هەردوولا مافی ئەنجامدانی گرێبەستی گەشەپێدان و بەرهەمهێنانیان هەیە بەپێی ئەوەی لە دەستوور وڕەشنووسی یاسای نەوت و غاز و بنەما گشتییەکانی ستانداردەکانی گرێبەست هاتووە (بژاردەی یەکەم).

٢- درێژکردنەوەی ئەو بڕگەیەی کە لە بڕگەی سەرەوەدا ئاماژەی پێکراوە. بەڵام حکومەتی فیدراڵی هیچ هەنگاوێکی نەناوە بۆ زیندووکردنەوەی ڕەشنووسی یاساکە و بڵاوکردنەوەی ئومێد لە ئەگەری بەردەوامبوونی لەگەڵیدا، وەڕۆژ و مانگەکان تێپەڕی و ماوەی ڕێککەوتن لەسەر کراو تێپەڕێندرا بێ سوود، ئەمەش حکومەتی هەرێم ناچارکرد ڕەشنووسی یاسای نەوت و غاز بۆ هەرێم پێشکەش بکات، کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە لە دانیشتنێکی نائاسایی بە ژمارە (٨) لە ٢٠٠٧/٨/٦ دەرچووە لەسەر بنەمای بڕگەکانی یاسای ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٥ی هەموار کراو.

شایانی باسە، هەرێم، لە بەرواری جێبەجێکردنی دەستووری فیدراڵی لە ساڵی ٢٠٠٥، بیرە نەوتی بەرهەمهێنانی بازرگانی نەبووە، هەروەها هەردوو کێڵگەی (تاوکێ و تەق تەق) (١٢٠) هەزار بەرمیلی لە ڕۆژێکدا تێنەپەڕاندووە، کە (٥٠ هەزار بەرمیل لە کێڵگەی تاوکێ) و (٧٠ هەزار بەرمیل لە کێڵگەی تەق تەق)، و هەردوولا ڕێککەوتن لەسەر چۆنیەتی بەکاربردنی ئەو بڕە کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد وپەرەپێدانی هەردوو

کێڵگەکە وخەرجکردنی باجی کۆمپانیا پەیوەندیدارەکان و پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەش بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری پەیوەست بە پەرەپێدانی کێڵگەکان و ئەنجامدانی کۆبوونەوەی خولیی/ وەرێککەوتنەکە لەلایەن (بەڕێز ئاشتی هەورامی - وەزیری سامانە سرووشتیەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وعەبدولکەریم لهێبی - بریکاری وەزارەتی نەوتی فیدراڵی بۆ دەرهێنانی نەوت) لە بەرواری ٢٠١٠/٤/١٢ ئەنجامدراوە، وە ئەنجومەنی وەزیرانی فیدراڵی بە بڕیاری ژمارە (١٩٩)ی ساڵی ٢٠١٠ دراو لە دانیشتنی بەرواری (٢٠١٠/٥/١٨) پەسەندی کۆنووسی کۆبوونەوەی واژۆکردنی ڕێکەوتنەکەی کرد لە نێوان هەردوولا کە لەسەرەوە ئاماژەی بۆ کراوە، وە هەروەها وەزارەتی دارایی فیدراڵی هەڵبستێت بە ئاگادارکردنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دڵنیابوون لە دانی باجی کۆمپانیا پەیوەندیدارەکان دوای وردبینیکردنی پێویست و بەپێی کۆنووسی کۆبوونەوەی باسکراو لە پێشوودا کە بەستراوە لە نێوان بریکاری وەزارەتی نەوتی فیدراڵی وهەرێمی کوردستان لە بەرواری ١١ و٢٠١٠/٤/١٢.

▪ لە ٢٠١٠/٦/٢٤ وەزارەتی دارایی فیدراڵی نوسراوێکی بە ژمارە ی(٤٠) ئاڕاستەی (هەرێمی کوردستان/ وەزارەتی نەوت/ دیوانی وەزیر) کردووە وتیایدا هاتووە: (کە وەزارەتی دارایی فیدراڵی گەرەنتی خەرجکردنی پارەیشایستەی کۆمپانیا نەوتییەکانی پەیوەندیدار بە بواری توێژینەوەکە دەکات، دوای ئەوەی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک وردبینییان بۆ دەکرێت بەپێی کۆنووسەکەی لە پێشوودا ئاماژەی بۆکرا) وەنووسراوەکە بە واژۆی (ئەندازیار باقر جەبر زوبەیدی) وەزیری دارایی یە.

▪ ڕۆژی ٢٠١٠/٧/١٨ وەزیری نەوتی فیدراڵی بەڕێز (حسێن شەهرستانی) نوسراوێکی ئاراستەی وەزیری دارایی فیدراڵی بەژمارە (و / ١٤٧) کرد. ئەو بڕە نەوتەی کە لە کێڵگەکانی تاوکێ و تەق تەقەوە هەناردە دەکرێت پشتڕاست دەکاتەوە، هەروەها جەخت لەسەر خێراکردنی دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی خاو لە کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی سیستمی هێڵی عێراقی- تورکی دەکاتەوە. وە بەخێرایی ووردبینی بۆ تێچووی خەرجیەکانی کۆمپانیا بەڵێندەرەکان بۆ پەرەپێدانی کێڵگەکانی (تاوکێ و تەق تەق) کە خەرجیان کردووە بە خێرایی وردبینییان بۆ دەکرێت، وەلە بڕگەی (٤)ی نووسراوەکەدا پشتڕاستکراوەتەوە کە هیچ پەیوەندییەک لە نێوان دەستپێکردنەوەی هەناردەکردن و ئۆپەراسیۆنەکانی ووردبینی کردنی ئاماژە پێکراو وڕێکارەکانی پێدانی نی(واتە تێچووی کۆمپانیاکانی بەڵێندەرایەتی نەوت).

▪ ڕۆژی ١٧/ ١/ ٢٠١١ لە ناوەندی وەزارەتی نەوتی فیدراڵی، بە ئامادەبوونی وەزیری نەوتی فیدراڵی و وەزیری سامانە سرووشتییەکانی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوەیەک ئەنجامدرا، لە کۆبوونەوەکەدا باس لە هەناردەکردنی (٤٠ تا ٥٠) هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا لە نەوتی تاوکێ لە ڕێگەی سیستمی بۆری (عێراقی-تورکی) و هەناردەکردنی (٣٥) هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا لە کێڵگەی تەق تەق لە ڕێگەی وێستگەی وەرگرتن لە کێڵگەی (خورمەڵە) و هەناردەکردنی هەموو بڕەکانی نەوتی سووتەمەنی و نەوتی بەرهەم هێنراو لە پاڵاوگەکانی هەرێم (بازیان، کەڵەک، و تاوکێ) بە تێکەڵکردنیان لەگەڵ هێڵی گشتی هەناردەکراو لە ڕێگەی هێڵی (عێراقی- تورکییەوە).

له بڕگەی (٢)ی کۆنووسی کۆبوونەوە تایبەتەکەدا ڕێککەوتن لەسەر خەرجکردنی پێشینەکان بۆ دابینکردنی تێچووی بەرهەمهێنانی نەوت، وە هەروەها بڕگەی (٣) لە کۆنووسی کۆبوونەوەکەدا باس لە ڕێککەوتنی کارپێکردنی پاڵاوگەکانی هەرێم ودابینکردنی غاز کراوە بۆ وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا، و تێکەڵکردنی بڕی نەوت ونەوتی سووتەمەنی لەگەڵ نەوتی خاو لە هەناردەکراو لەڕێگەی سیستەمی هێڵی (عێراقی-تورکی)وە، هەروەک لە بڕگەی (٤)دا هاتووە، دابینکردنی نەوتی سووتەمەنی لەلایەن حکومەتی فیدراڵیەوە بۆ گارگەکانی چیمەنتۆ وخشت وئەو کارگانەی کە مۆڵەت پێدراوی گەشەپێدانی پیشەسازین لە هەرێمدا[1].

- ڕۆژی ٢٠١٢/٩/١٨ ئەنجومەنی وەزیرانی فیدراڵی بڕیارنامەی ژمارە (٣٣٣)ی پەسەندکرد کە کۆنووسی ڕێککەوتنی نێوان نوێنەرانی حکومەتی فیدراڵی و نوێنەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی پەسەندکرد، ڕێژەی بڕی نەوتی خاو کە ڕادەست دەکرێت لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بۆ وەزارەتی نەوتی فیدراڵی بۆ مانگەکانی دیکەی ساڵی ٢٠١٢ دیاریکران، بەوەی کە وەزارەتی دارایی فیدراڵییکەم سلفەی پارە بە حکومەتی هەرێم لە سەرەتای هەفتەی دوای دانیشتنی ئەنجومەنی وەزیرانی فیدراڵی بدات، وسلفەی دووەم لە کۆتایی هەفتەکەدا بەپێی یاسای بودجەی ساڵی ٢٠١٢، وەهەرێم خەمڵاندنەکانی خۆی بۆ ئەو بڕە بخاتەڕوو کە پێشبینی دەکرێت لە ماوەی ساڵی ٢٠١٣ هەنارده بکرێت لەگەڵ خستنەڕووی ئەو شایستەی بۆ کۆمپانیاکان بڕیاری لێدراوە لەهەمان ماوەدا بۆ ئەوەی بخرێتە ناو پڕۆژە یاسای بودجەی گشتی فیدراڵی ساڵی ٢٠١٣.

وە لە بڕگەی (٤)ی بڕیارەکەدا هاتووە (کە وەزارەتی نەوتی فیدراڵی بەهاوبەشی لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێم، هەڵدەستێت بە ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی ورد لەسەر بڕی بەرهەم، بەرهەم هێنراو وفرۆشراوی ناوخۆیی، پاڵاوتە وشایستەی کۆمپانیاکان کە دراوە لەماوەی بۆ ماوەیەک لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٨ تاوەکو (بەرواری بڕیاری ئاماژە پێکراو).

بڕگەی (٦)ی بڕیارەکە تایبەت بوو بە ئاڵوگۆڕی زانیاری لەسەر بڕی نەوتی خاو و بەرهەمە نەوتییە پاڵاوتەکان و هەژمارکردنی پشکی هەرێم لێی بەپێی ڕێژەی (١٧%)، وەکۆپییەک لە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی ژمارە (٣٣٣)ی ساڵی ٢٠١٢ لەگەڵ کۆنووسی ڕێکەوتنەکە هاوپێ بە نوسراوی فەرمانگەی کاروباری یاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە(٣٨٦٦٧) لە بەرواری ٢٠١٢/١٢/١١ نێردرا بۆ ئەنجومەنی نوێنەران، وەکۆنووسی ڕێککەوتنەکە چەندین بابەتی دیکەی پەیوەست بە خەرجییە حوکمڕانی و سەروەرییەکانی حکومەتی فیدراڵی لەخۆگرتبوو، کە شایەتحاڵی هەڵکشانی ناکۆکیەکان بوو، وەکاریگەرییەکی زۆری لەسەر پشکی پارێزگاکان و هەرێم هەبوو، بەو پێیەی

[1] ئەوەی بۆی چووین مانای ئەوەیە کە کارەکانی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان - عێراق بە ئاگاداری و ڕەزامەندی حکومەتی فیدراڵی و ڕێککەوتنە بەڵگەدارەکانی نێوان وەزارەتی نەوتی فیدراڵی و وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەلە هەرێم، وەئەم ڕێککەوتنانە دانپێدانانێکی ئاشکرایە بە مافی دەستووری هەرێم بۆ بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت بەپێچەوانەی تۆمەتەکانی حکومەتی فیدراڵی، جا لەڕێگەی لێدوانی بەرپرسەکانییەوە بێت یاخود ئەو داوایانەی تۆماریکردووە لەسەر هەرێم، بەوەی کە مافی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نییە و بە پێشێلکردنی دەستووری دەزانێت.

گەیشتە ٢٨%ی بودجە، کە یەکسانە بە چل و یەک ترلیۆن دینار لە کۆی بودجەی ساڵی ٢٠١٣، لە کاتێکدا ڕێژەی خەرجییە سەروەرییەکان بۆ ساڵی ٢٠١١ بریتی بووە لەڕێژەی (٢٢,٠٢%)، وە ساڵی ٢٠١٢ ڕێژەی (٢٦,٥%) بووە. ناکۆکیەکان ساڵ دوای ساڵ بەردەوام بوون، وە نوێنەرایەتی هەرێم داوای کرد پێوویستە ڕێسا وستاندارد دابنرێ بۆ دیاریکردنی ڕێژەی ساڵانەی تێچووە سەروەریەکان لە کۆی گشتی بودجەی ساڵانە دابنرێت، و پاشان دیاریکردنی پێکهێنەری خەرجیە سەروەریەکان، وەلە کۆبوونەوەکەدا بڕیاردرا کە وەزارەتی دارایی فیدراڵی ڕوونکردنەوە و وردەکاری و لێدوان سەبارەت بەم بڕگانە بدات و ئاماژە بە بەرواری سەرهەڵدانی قەرزەکان بکات، بەو پێیەی هەرێم قەرزەکانی دوای بەرواری ٢٠٠٣/٤/٩ هەڵناگرێت ،ئەگەر هەرێم سوودی لێ نەبینیبێت و بە سوود نەگەڕابێتەوە بۆی.

شاندی هەرێم لە کۆبوونەوەکەدا داوایان کرد بەشداری لە تێچووی بەرهەمهێنانی نەوتی خاودا بکەن کە لە هەرێمەوە هەناردە دەکرێت، لەناویدا ڕێژەی ١٧% وەک تەرخانکردن بۆ وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی بەشداری لە تێچووی بەرهەمهێنان وهەناردەکردنی نەوت لە هەرێم بکات، ئەمە داوایەش لەلایەن نوێنەرانی حکومەتی فیدراڵیەوە دژایەتی نەکرا، (بەدڵنیاییەوە ڕوونبۆیەوە کە خەرجیەکانی بەرهەم هێنانی نەوت وهەناردەکردنی لەلایەن حکومەتی فیدراڵی - وەزارەتی نەوت- ەوە وتەرخانکردنەکانی وەزارەتی نەوتی فیدراڵی لەنێو خەرجییە سەروەرییەکان هەژمار دەکرێن، لەکاتێکدا هیچ بڕە پارەیەک لە چوارچێوەی تەرخانکرنی خەرجیە سەروەریەکانی بەرهەم هێنان وهاوردەکردن بۆ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان تەرخان وهەژمار ناکات)، وەهەروەها نوێنەرایەتی هەرێم پێشنیاری هەمواری بڕگەی (٣) یان لە ڕێکەوتنی بەستراوی بەرواری ٢٠١٢/٩/١٣ کرد، بەزیادکردنی بڕگەیەکی نوێ بۆ دوا بڕگەی هەژمارکردنی پشکی هەرێمی کوردستان لە کۆ بودجەی ساڵی ٢٠١٣ کە دەڵێت: (پارەی گرێبەستی کۆمپانیا نەوتییە بیانییەکان لە هەرێمی کوردستان کە لەلایەن وەزارەتەی سامانە سرووشتیەکانەوە خەمڵێندراوە) بەم شێوەیەی خوارەوە: (پارەی گرێبەستی کۆمپانیا نەوتییە بیانییەکان لە هەرێمی کوردستان کە لەلایەن وەزارەتەی سامانە سرووشتیەکانەوە خەمڵێندراوە لەسەر بنەمای بڕگەی (٣)ی ڕێککەوتنی ئەنجامدراو لە بەرواری ٢٠١٢/١٣/٩ بەمەرجێک لەهەموو حاڵەتەکاندا لە (٥٠%) (لەسەدا پەنجا) زیاتر نەبێت لە داهاتی بەدەستهاتوو لە فرۆشتنی نەوتی هەناردەکراو لەهەرێم بەپێی ئەو ڕێککەوتنانەی لە ٢٠١١/١/١٧ ئەنجام دراون).

بەشداربووان کۆک بوون لەسەر پێویستی پەسەندکردنی پێشنیاری هەرێم بۆ دروستکردنی دەق و بڕگەیەکی سەربەخۆ بۆ گرێبەستەکانی هەرێم (کئەوانەی سەرەوە کە لە کۆنووسی کۆبوونەوەی نوێنەرانی حکومەتی فیدراڵی و نوێنەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بەگفتوگۆکردن لەسەر بڕگە ومادەکانی تایبەت بە هەرێمی کوردستان - عێراق لە ڕەشنووسی یاسای بودجەی فیدراڵی کۆماری عێراق، کە ڕێککەوتن لەسەری ئەنجامدرا)، و دەقی کۆنووسی کۆبوونەوەی ڕێککەوتن لەسەر کراو خراوەتە بەردەم دادگای باڵای فیدراڵی و خراوەتە نێو ئەو بەڵگەنامانەی کە لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە پێشکەش کراوە لەژێر ڕیزبەندی (هاوپێچی ژمارە ٦) لە داوای ژمارە

(٥٩ / فیدراڵی / ٢٠١٢) بۆ سەلماندنی ئەوەی کە بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت لە هەرێم تەنها بە ئاگاداری وڕەزامەندی حکومەتی فیدراڵی بووە وەک مافێکی دەستووری بۆ هەرێم).

## چوارەم/ دوو فاقی هەڵوێستەکانی حکومەتی فیدراڵی:

لە کاتێکدا کە پەیوەندی و لێکتێگەیشتنەکان بەردەوامە لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم لە ئاستێکی باڵادا بۆ گەیشتن بە چارەسەرێەک بۆ کێشە داراییەکان بە گشتی و نەوت بەتایبەتی وهەروەها بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنی بەهێز بەشێوەیەکی هەمیشەیی، بەڵام لە بواری کردەیی پێچەوانەی ئەوە بەدی دەکرێت، بەڵگەش لەسەر ئەوە داوای ژمارە (٥٩/ فیدراڵی/ ٢٠١٢) ی تۆمارکراوە لەسەر حکومەتی هەرێم کە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان گوزارشتی لێدەکات لەلایەن وەزارەتی نەوتی فیدراڵی.

لەکاتێکدا ڕێککەوتنەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم، هەروەک لەڕوونمانکردەوە بە پاڵپشتیەکی بەهێز مافی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوتی بە حکومەتی هەرێم بەخشیوە و تەنانەت پابەندی کردووە بەو بڕەی کە دەبێت بەرهەمی بهێنێت بە ئاماژە و بڕیاری حکومەتی فیدراڵی بۆ پاڵپشتیکردن لە بودجەی گشتی، بەڵکو داوای کردووە خێرا بکرێت لە دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی خاو لە کێڵگەکانی هەرێم[1].

وە پابەندکردنی حکومەتی فیدراڵی بە پێدانی تێچووی بەرهەمهێنان بە هەرێم بە شێوەی سلفە کە لە لایەن وەزارەتی دارایی فیدراڵیەوە خەرج دەکرێت (کۆنووسی کۆبوونەوەی ٢٠١١/١/١٧کە پێشتر ئاماژەی پێکراوە)، هەروەک هەردوو لایەن ڕێکەوتبوون لەسەر خاسکردنی مامەڵەی دارایی نێوانیان کە لە ساڵی ٢٠٠٤ دەست پێدەکات تا ساڵی ٢٠١٢ بە ڕێککەوتنی نێوان دیوانی چاودێری دارایی فیدراڵی و دیوانی چاودێری دارایی هەرێم لە ماوەیەک کە ئەوپەڕی ٢٠١٣/١٠/١٥ بێت[2]، وە ئەمەش لە هەموو بودجەی ساڵانەی ساڵەکانی دواتردا نوێ دەکرێتەوە، هەرچەندە هەندێک مادەی بودجەی گشتی فیدراڵی هەموار کراوەتەوە تا ئەوەی لەگەڵ ڕێککەوتنی هەردوولا بگونجێت بەپێی کۆنووسی کۆبوونەوەی پشتڕاستکراو لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی فیدراڵی بە بڕیاری ژمارە ( ٣٣٣)ی ساڵی ٢٠١٢ لە ٢٠١٢/٩/١٨ ، بەڵام وەزارەتی نەوتی فیدراڵی هەستا بە هێشتنەوەی داوای یاسایی ژمارە (٥٩ / فیدراڵی / ٢٠١٢) بەبانگەشەی پشتبەستنە بیاسای (ڕێکخستنی وەزارەتی نەوت ژمارە ١٠١ی ساڵی ١٩٧٦)، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لە یاسای باسکراودا دەقێک هاتووە لەسەر ئەوەی کە وەزارەتی نەوت ئەرکی بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت لەئەستۆ دەگرێت کە پەیوەندی بە ئۆپەراسیۆنەکانی گەڕان و هەڵکەندن و دەرهێنانی نەوت و غاز و کارەکانی پاڵاوتن و پیشەسازی غازەوە هەیە، جگە لە گواستنەوە و بەبازاڕکردنی نەوتی خاو...هتد، پاساوی بۆ ئەومادەی (١٣٠)ی دەستوورە کە

---

[1] نوسراوی وەزارەتی نەوتی فیدراڵی / فەرمانگەی وەزیر ژمارە (و/١٤٧) لە ٢٠١٠/٧/٨، و پێشتر ئاماژەی پێکراوە وەک سەرچاوەیەک بۆ ئەم بابەتە.

[2] کۆنووسی کۆبوونەوەی هەردوولا لە بەرواری (٢١ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٢)، پێشتر وەک سەرچاوەیەک بۆ ئەم مادەیە ئاماژەی پێکراوە.

دەقیهێناوە لەسەر ئەوەی: (یاسا بەرکارەکان بەکارپێکراوی دەمێننەوە مادام هەڵنەوەشاونەوە یاخود هەموارنەکراونەوە بەپێی بڕیارەکانی دەستوور)، بەبێ ڕەچاوکردنی مادەی (١٣)ی دەستوور، کە لە ناوەڕۆکی بڕگەی (دووەم)ی دا هاتووە: (...بە پووچەڵ دادەنرێت هەر دەقێک لە کە لە دەستووری هەرێمەکان یاخود هەر دەقێکی یاسایی دیکە کە دژایەتی بکات)، ئایا لۆژیکییە دەقی یاسایی کە پێچەوانەی بڕگەکانی بێت بکرێتە بارمتەی ویست وئیرادەی وەزیرێک یاخود ئەنجومەنی وەزیران؟.

وە ئەو یاسایەی لە داواکەیدا پشتی پێبەستووە، بە تەواوی و بە وردی پێچەوانەی بڕگەکانی دەستوورە، چونکە گوزارشت لە فەلسەفەی سیستەمێکی ناوەندی دەکات کە دە ساڵ بەسەر لەناوچوونیدا تێپەڕببوو پێش ئەوەی داواکەی تۆمار بکات، وەسیستەمی ئێستای (فیدراڵی) لە ڕووی دەستوورییەوە جیاوازە لە سیستەمی پێشوو بە شێوەیەکی بنەڕەتی تا ڕادەی دژایەتی، بۆیە چاوەڕێکراوە لە حکومەتی فیدراڵی پەلە بکات لە هەموارکردنەوەی یاسای وەزارەتی نەوت ئەگەر ڕێز لە دەستوور دەگرێت و باوەڕی بە بڕگەکانی و سیستەمی فیدراڵی هەیە، یاخود تۆمارنەکردنی داوای یاسایی یان پووچەڵکردنەوەی، بەو پێیەی لە لۆژیکی یاسایی نییە ئەو ڕێککەوتنانەی پێشتر باسمان کرد شانبەشانی ئەو تۆمەتانە بچن بەڕێوە کە تێیدا داواکار نکوڵی لە مافە دەستوورییەکانی هەرێمی لە بواری نەوت و غازدا دەکات.

حکومەتی هەرێم، کاتێک هەستی بە سستی حکومەتی فیدراڵی کرد لە گرتنەبەری هەنگاوی پێویست بۆ دانانی یاسای نەوت و غازی فیدراڵی، وهەروەها چوونە پێشی ئەنجومەنی شورای دەوڵەت بۆ گۆڕانکاری بنەڕەتی و هەستیار لە ناوەڕۆکی بڕیارەکانی، وە پێنەگەیشتنی هیچ جۆرە وەڵامدانەوەیەک بە حکومەتی هەرێم بۆ دووبارە گفتوگۆ و دیالۆگ لەسەر ئەو مادانی کە گۆڕانکارییان بەسەردا دەهات، حکومەتی هەرێم بەردەوام بوو لە دانانی یاسایەکی تایبەت بە نەوت و گغز بۆ هەرێم لەلایەن پەرلەمانی کوردستان بە ژمارە ٢٨ی ساڵی ٢٠٠٧ کە لەگەڵ بڕگەکانی دەستووری فیدراڵیدا هاوتەریب بوو، وەلەگەڵیدا دەگونجا، پاڵپشت بە مادەکانی (١١١)، (١١٢)، (١١٥) و (١٢١) لە دەستووری فیدراڵی. وەپڕۆژەکە لەلایەن پسپۆڕانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بە شارەزایی زۆر وبە ئەزموونی بەرز لە بوارەکانی نەوت و غاز و لقەکانی یاسای ناوخۆیی و نێودەوڵەتی ئامادەکرا، هەروەها بۆچوونی پڕۆفیسۆر (جەیمس کراوفۆرد ( **SC, FBA, LLD**)[1] ی بەکارهێنا بۆ دڵنیابوون لە گونجانی لەگەڵ بڕگەکانی دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥.

---

[1] پڕۆفیسۆری یاسای نێودەوڵەتی و سەرۆکی ناوەندی (لۆلەر باشت)ە بۆ یاسای نێودەوڵەتی لە زانکۆی کامبریج و هاوڕێی کۆلێژی (جیاس)ە لە کامبریج، وەئەندامی کۆمیسیۆنی یاسای نێودەوڵەتی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان بووە لە ساڵی ١٩٩٢ تا ٢٠٠١، وەبڕیاردەری تایبەت بووە لەسەر بەرپرسیارێتی دەوڵەتان (١٩٩٧-٢٠٠١)، سەرباری کارە کلتوورییەکانی لەسەر دەوڵەت، مافی چارەی خۆنووسین، و یاسای وەبەرهێنان و بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی، وەچەندین جار لە بەردەم دادگای نێودەوڵەتی و دادگاکانی دیکەی جیهانی ئامادەبووە، ئەمە جگە لە بەشداری چالاکانەی وەک شارەزا و ناوبژیوان لە کەیسەکانی ناوبژیوانی نێودەوڵەتی. (وەزارەتی سامانە سروشتیەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق / ژمارەی تایبەت بە بڵاوکردنەوەی ڕای پڕۆفیسۆر جەیمس کراوفۆرد (SC, FBA,LLD) ٢٩ی کانونی یەکەم ٢٠٠٨).

**پوختەیەک لەوەی کە لە بۆچوونی پرۆفیسۆر (جەیمس کراوفۆرد) هاتووە:**

١. مادەی (١١٢) لە دەستووری عێراق دەسەڵات دەدات بە حکومەتی فیدراڵی بۆ بەڕێوەبردنی ئەو نەوت و غازەی لە کێڵگەکانی (ئێستا) دەرهێنراون، بەڵام دەبێت ئەم مافە لەگەڵ حکومەتی هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان پیادە بکات، کە ئەوەش ملکەچە بۆ مەرجی دابەشکردنی دادپەروەرانەی داهاتەکان، وە هیچ بڕگەیەک بۆ کێڵگە بەرهەمنەهێنەکان و کێڵگەکانی داهاتوو نییە لە مادەی (١١٢) و لەسەر بەڕێوەبردنە هەرێمیەکانە بۆ ئەو کێڵگانە ڕێزی سیاسەتە ستراتیژیەکان بگرێت کە لەلایەن حکومەتی فیدراڵی وحکومەتی هەرێمی کوردستان دەکێشرێن.

٢. حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەندە بە بڕگەکانی مادەی (١١١)، و وەتاکلایەنە کێڵگەکانی ئێستا بەڕێوە نەبات لە نەبوونی هیچ ڕێکخستنێک بۆ دابەشکردنی داهاتەکان.

وەلە ڕووی دەستوورییەوە دەزانرێت کە مەبەست لە کێڵگەکانی ئێستا ئەو کێڵگانەن کە بەر لە چوونە بواری جێبەجێکردنی دەستوور لە ((٢٠٠٦)) بەرهەم هێنراون، وە لە چوارچێوەی قسەکانیدا باس لە کێڵگە داهاتووییەکان (نا ئێستا) ناکات، وە حکومەتی فیدراڵی بەپێی مادەی (١١٢ / دووەم) هیچ دەسەڵاتێکی تاکلایەنەی نییە و لە حاڵەتی نەبوونی سیاسەتی ستراتیژی ڕێککەوتوو لەسەری، ئەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان مافی خۆیەتی بەرەو پێشەوە بچێت لە مومارەسەکردنی مافە دەستوورییەکەیدا بە شێوەیەک کە لەگەڵ ئەرکە دەستوورییەکانیدا بگونجێت.

٣. یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستان (واتە یاسای ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧) بەپێی دەستووری عێراقە، هەروەها لەگەڵ بەردەوامی نەبوونی هیچ ڕێککەوتنێک بەپێی دەقی مادەی (١١٢/دووەم) سەبارەت بە سیاسەتی ستراتیژی پێوویست ، ئەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان مافی بەڕێوەبردنی سەرچاوە نەوتی و غازیەکانی هەیە، و دەبێت بە ئاشکرا و بە شێوەیەک ئەو کارە بکات کە ئەو بنەمایانە بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە کە لەو مادەیەدا هاتووە.

٤. ئەو گرێبەستانەی لە ئێستادا هەیە وحکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گەڕان و بەکارهێنانی نەوت و غاز لە ساڵی (١٩٩٢)ەوە ئەنجامی داوە بە کارا دەمێننەوە مەگەر پێچەوانەی دەستوور نەبن، هەتاوەکو حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگەنە ڕێکەوتن لەسەر سیاسەتە ستراتیژیەکان، ئەوا بەپێی پێسپاردنی دەستووری دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانە وجێبەجێکردنی گرێبەستە نوێیەکان ملکەچ نابن بۆ کۆت وبەندەکان.

**پێنجەم/ نیشانەکانی لەدەستدانی متمانە بە حکومەتی هەرێم لە پۆستەکانی حکومەتی فیدراڵی:**

سەرەڕای هەڵوێستە ناجێگیر و دژبەیەکەکانی حکومەتی فیدراڵی و پاساوە پێچەوانەکانی لەگەڵ بڕگەکانی دەستوور، بە بڕوای من هەموو ئەمانە دەگەڕێتەوە بۆ پرەنسیپی ناسیۆنالیستی لەلایەک، وە بەکەم ڕووانینە هەرێم و گەلەکەی، ولەدەستدانی ئیرادەی بەرەوپێشچوون وچەسپاندنی ڕێسا وبنەماکانی حوکمڕاینی فیدراڵی و وە پابەندبوون بە تێروانینە مەرکەزیەکان لەلایەکی دیکە، بێگومان حکومەتی هەرێم پێداگری لە هەڵوێستی خۆی دەکرد لە پاراستنی مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان، بەو پێیەی کە ئەوە چاکە یاخود بەخشینی هیچ کەسێك نی یە، بەڵکو دوای تێکۆشانێکی دوورو درێژی بە خوێن ئاودراوی گەلی کوردستان دێت کە بۆ چەند دەیەیەك بەرگەی وێرانبوون وقوربانیدانێکی گەورەیان گرت، بۆیە بەردەوام بوو لە هەوڵەکانی بۆ گەیشتن بە چارەسەرانێک کە لەگەڵ بڕگەکانی دەستووردا بگونجێت، ڕێکەوتنێکی بەست لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی لە ساڵی ٢٠١٤ کە تێیدا ئاماژە دەکات بەوەی کە هەرێم ڕۆژانە (٥٥٠) هەزار بەرمیل نەوت هەناردە بکات، بەجۆرێک (٢٥٠) هەزار بەرمیل لە کێڵگەکانی هەرێم، لەگەڵ (٣٠٠) هەزار بەرمیل لە نەوتی کێڵگەکانی نەوتی کەکوك (کە لەلایەن کۆمپانیای نەوتی باکوورەوە بەڕێوەدەبرێت)، وە ئەو بڕە لەڕێگەی کۆمپانیای سۆمۆی عێراقییەوە بخرێتە بازاڕەوە، لەبەرامبەردا حکومەتی فیدراڵی ١٧%ی ئەو شتانە دەنێرێت کە لە بودجەی گشتیدا بڕیاری لەسەر دراوە بۆ هەرێم کە ( یەکسانە بە ترلیۆنێک و دوو سەد ملیار دیناری دیناری عێراقی). لەگەڵ ڕۆیشتنی نەوت وبەردەوام بوونی ئەو بڕە پارانەی بۆ هەرێم گواستراونەتەوە کەمتر بووە لەو ڕێژەیەی ڕێککەوتنی لەسەر کراوە بۆ دابینکردنی بودجەی هەرێم کە خۆی دەبینێتەوە لە لە ٤٠%ی ئەو بڕە پارەیەی کە دەبێ بدرێت بە هەرێم بەپێی ئەو ڕێژەیەی لە نێوان هەردوولا ڕێککەوتنی لەسەر کراوە کە بڕی (ترلیۆنێک و ٢٠٠ ملیار دینار) کە پێوویستە بۆ دابینکردن وپاڵپشتیکردنی بودجەی هەرێم، بەپێی مادەی (١١٢/دووەم)ی دەستوور، بەڵام حکومەتی فیدراڵی پابەند نەبوو بەو شتانەی کە لەسەری ڕێککەوتبوون، وە شایستە داراییەکانی هەرێم بۆ مانگی نیسانی ساڵی ٢٠١٤ بە (٤٨٨) ملیار دینار پاڵپشتیکرا لەکاتێکدا بڕیار بوو بڕی بودجەی هەرێم (٥٤٣) ملیار دینار بێت بۆ ئەو مانگە، هەرچەندە هەرێم بڕی بەرهەمهێنانی نەوتی زیادکرد لەو ماوەیەی ئاماژەی پێکراوە بۆ ئەوەی ببێتە (٥٦٢) هەزار بەرمیل کە ئەوەش زیاترە لەو ژمارەیەی لە ڕێککەوتنەکەدا دیاریکراوە[1].

## شەشەم/ هەڵوێستی توێژەرانی یاسایی عێراقی سەبارەت بە قەیرانی نەوت وغاز:

[1] د.کۆڤەند شێروانی، بابەتێک کە لە ڕۆژنامەی زەمان بڵاوکراوەتەوە، لەبەرواری ٢٠١٥/٨/٦.

بۆ ئەوەی تۆمەتبار نەکرێت بە لایەنگری دەسەڵاتدارانی هەرێم و بە ئەنقەست هەڵبژاردنی توێژینەوە و بابەتگەلێکی پشتیوانی لێی، سەبارەت بە دابەشکردنی تایبەتمەندی و دەسەڵاتەکان لەنێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێم و پارێزگاکان کە لە هەرێمێکدا ڕێکخراو نین، ئێمە بە مەبەست هەستاوین بە هەڵبژاردنی ئەوەی کە نووسراوە لەلایەن مامۆستایانی یاسا لە ناوچە جیاجیاکانی عێراق نووسراوە، وەک ئەوەی لە وتارێکی بەڕێز (زوهێر مالکی )دا هاتووە بەناونیشانی (ناوەند، هەرێم و دەستوور): (مادەی ١١٥ی دەستوور بۆ ئەوە هات کە هەموو دەسەڵاتێک بە هەرێمەکان ببەخشێت جگە لە دەسەڵاتە حصریەکان، بەڵکو ئەم مادەیە لەوە زیاتری ڕۆیشتووە کە دەڵێت "ئەو دەسەڵاتانەی تر کە لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکاندا هاوبەشن لە پێشینەیی تێیدا بۆ یاسای هەرێمەکان وپارێزگاکانە کە ڕێکخراونین لە هەرێمدا لە کاتی بوونی ناکۆکی لەنێوانیاندا)، بکە مادەی (١٢١) دێت ولە بڕگەی دووەمی خۆیدا دەقیهێناوە لەسەر ئەوەی (دووەم: دەسەڵاتی هەرێم مافی هەمووارکردنەوەی جێبەجێکردنی یاسای فیدراڵی هەیە لە هەرێم، لە ئەگەری دژایەتی یان ناکۆکی لە نێوان یاسای فیدراڵی و یاسای هەرێم، سەبارەت بە پرسێک کە ناچێتە چوارچێوەی تایبەتمەندیە حصریەکانی دەسەڵاتی فیدراڵی)، پاشان دێتەسەر باس کردن لە ماددەی ١١٢ی دەستوور و لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ : لە دەقی مادەی پێشووەوە دەبینین بەڕێوەبردنی نەوت و غازی دەرهێنراو لە کێڵگەکانی ئێستای نێوان ناوەند و هەرێم، و داڕشتنی سیاسەتی ستراتیژی پێویست بۆ پەرەپێدانی سامانی نەوت و غاز یەکێکە لە دەسەڵاتە هاوبەشەکانی نێوان ناوەند و هەرێم، وە دەقی یاسایی دەخوێندرێتەوە بە شێوەیەکی تەواو و بەش بەشنەکراو وەک لەم حاڵەتە دەستووریە بوونی هەیە، و بەو پێیەی دەسەڵاتەکە یەکێکە لە دەسەڵاتە هاوبەشەکان ، لەم حاڵەتەدا دەقی مادەی (١٢١/ دووەم) لە ئەگەری دروستبوونی ناکۆکی جێبەجێ دەکرێت، بەو پێیەی یەکێک نییە لە دەسەڵاتە حصریەکانی ناوەند.

لە کۆتاییدا پێویستە جەخت لەسەر دەقی دەستووری بکەینەوە، پێمان خۆش بێت یاخود نا، وەک یاسای باڵای دەوڵەت دەمێنێتەوە و ڕێزگرتن لە بڕگەکانی دەستوور و باڵایی دەستوور بریتیە لە یەکەم ڕووخسارەکانی ڕێزگرتنی دەوڵەت بۆ خۆی و پێگەکەی لە نێوان گەلانی زەویدا[1].

هەروەها بەڕێز (جەواد کازم البکری) توێژینەوەیەکی بڵاوکردۆتەوە بەناونیشانی "بنەماکانی دابەشکردنی سامان لە سیستمە فیدراڵیەکاندا" کە بە بابەتی بوون و بێ لایەنی دەناسرێتەوە دوو لاپەڕەی کۆتایی تەرخانکردووە بۆ "چۆنیەتی چارەسەرکردنی پرسی نەوت و غاز" لە دەستووری عێراقیدا، تێبینی ئەوە دەکەین کە دەستوور مادەی (١١١) و مادەی (١١٢)ی بۆ ئەوان تەرخانکردووە و ئەو دوو مادەیە بەرەو باسکردن لەو کێڵگانەی لە داهاتوو دەدۆزرێنەوە نەکردووە و ئەمەش بەو مانایەی ئەو کێڵگانە لە چوارچێوەی دەسەڵات و تایبەتمەندی حکومەتی هەرێمەکانە بەتەنها کە کێڵگەکانی تێدایە و ئەو سنووردارکردن وکۆت وبەندەی لە بڕگەی (یەکەم)ی مادەی (١١٢)دا هاتووە سەبارەت بە دابەشکردنی داهاتەکان نایانگرێتەوە، چونکە ئەو سنووردارکردن وکۆت وبەندەی لە

---

(1) زوهیر مالیکی، لەم لینکەدا دەستدەکەوێت https://kitabat.com/ar/print/٢٤٦٨٩.php یەکشەممە، ١٦ | مانگی ئازار | ٢٠١٤.

پێشتردا باسکرا لەسەر کێڵگەکانی ئێستایە، هەروەها لەبەر ئەوەی مادەی (١١٥) دەقیهێناوە لەسەر : (ئەوەی لە چوارچێوەی دەسەڵاتە حصریەکانی حکومەتی فیدراڵیدا دیاری نەکراوە، لە تایبەتمەندی هەرێم و پارێزگاکانە...)، وە مادەی (١١١) دەستەواژەیەکی گشتی هێناوە کە تێیدا دانیناوە بە خاوەندارێتی نەوت و غاز بۆ هەموو گەلی عێراق لە هەموو ناوچەکان و پارێزگاکاندا، ەو نەیگوتووە کە خاوەندارێتیەکەی بۆ دەوڵەتی عێراقە، وە ئەوەش (ئاماژەیەکی تایبەت کە نەوت وغاز لە موڵکی حکومەتی عێراقی دەباتەدەرەوە)[١].
لەنێوان ئەو دوو ئەگەرەی کە دەقەکە مەبەستیەتی ئەگەری ئەوە زیاترە کە مەبەستی دەقەکە بریتیە لەوەی کە هەموو خەڵکی عێراق لە هەموو هەرێم و پارێزگاکان خاوەنی هەموو نەوت و غازی هەبوون لە هەموو هەرێم و پارێزگاکان بە شێوەی شیوع، بەڵام ئینکاری ئەوە دەکات کە مەبەست لە خاوەندارێتی ئەو خاوەندارێتیە بێت کە لە یاسای شارستانیدا ناسراوە (دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی خاوەن ماڵە بەسەر ماڵەکەدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە هەر سێ توخمی (بەکارهێنان، سوودلێوەرگرتن و مامەڵەپێکردن)ەوە، بەڵکو زیاتر ئەوەیە کە لە پێشتردا ئاماژەمان پێکرد کە مەبەستی یاسادانەری دەستووری تەرخانکردنی داهاتی نەوت و غازە بۆ خزمەتی گەلی عێراق، وە دەقەکە وەک ( پەرچەکردارێک بۆ ئەو بارودۆخە چەقبەستووە هاتووە کە بوونی هەبووە لەژێر ڕۆشنایی سیستمەکانی پێشوو و هەروەها سیاسەتە بێباك و هەڵەشانەکانیان).
یەکێک لە یاساکانی ڕاڤەکردن بریتیە لە تێگەیشتن لە وشەکان بەو شێوەیەی کە مانای هەیە، چونکە بە کردەیی مەحاڵە خەڵکی عێراق لە هەموو هەرێم و پارێزگاکاندا پراکتیزەی توخمەکانی خاوەندارێتی بکات لە هەموو ئەو ناوچە جیاوازانە[٢].
نووسەری بابەتەکە لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ، دەستووری عێراق ڕێبازی دیاریکردنی دەسەڵاتی حەصری حکومەتی فیدراڵی گرتۆتەبەر و ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ حکومەتەکانی هەرێمەکانە، سەبارەت بە دەسەڵاتە هاوبەشەکانی نێوان ئەو دوو لایەنە، لە ئەگەری دروستبوونی ناکۆکی و دژیەکی لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێم، قسەی یەکلاکەرەوە بۆ هەرێمە لەسەر بنەمای ( ناوەڕۆکی مادەی ١١٥...)، وە کێڵگە نەوتی و غازییەکانی کە لە داهاتوودا دەدۆزرێنەوە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی حەصری هەرێمەکانە، بەڵام سەبارەت بەو کێڵگانەی لەئێستادا بوونیان هەیە، بەڕێوەبردنیان لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمدا هاوبەشە، لە ئەگەری ناکۆکی، قسەی کۆتایی بۆ یاسای هەرێمە، کە لەپێشینەیی هەیە بەسەر یاسای فیدراڵیدا[٣].

## حەوتەم/ هەڵوێستی دادگای باڵای فیدراڵی سەبارەت بە قەیرانی نەوت و غاز لەنێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان:

(١) جەواد کازم بەکری، بناغەکانی دابەشکردنی سامان لە سیستەمی فیدراڵیدا، حیوار متمەدن، ژمارە ٢١٩٦، ٢٠٠٨/٢/١٩.
(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو.
(٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

وەزارەتی نەوتی فیدراڵی سکاڵای یاسایی ژمارە( ٥٩ / فیدراڵی / ٢٠١٢)ی لەبەردەم دادگای باڵای فیدراڵی لە دژی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان تۆمار کردبوو، داوای بڕیارێکی کردبوو بە بەتەواوی ڕادەستکردنی بەرهەمی نەوتی بەرهەم هێنراوی هەرێم بە وەزارەتی نەوتی فیدڕاڵی.

بەبێ ڕەچاوکردنی ئەو ڕێککەوتن و یەکلاییکردنەوانەی کە لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمدا کرابوون و بەبێ ڕەچاوکردنی پابەندبوونە دەستوورییەکانی حکومەتی فیدراڵی بەرامبەر بە هەرێم، و بەبێ گرنگیدان بەو شتانەی کە ڕێککەوتنیان لەسەر کراوە و لە یاسای بودجەی ساڵانەی حکومەتی عێراقیدا جێگیرکرابوو وەک ئەوەی لە بودجەی ساڵانی (٢٠٠٦- ٢٠٢١)دا جێگیر کراوە، ڕێککەوتنەکان لەلایەک ئەنجامدراون و لەلایەکی دیکەوە بە داوایەکی یاسایی دژایەتی کردووە، دواتر ئەو داوایە یاساییەی پێشتر باسکرا، داوای یاسایی دیکەی بەدوای خۆیدا هێنا بەژمارە ( ١١٠ / فیدراڵی / ٢٠١٩) لەلایەن هاوڵاتییەکی بەسرە بەسیفەتی کەسی خۆی لەدژی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان وسەرۆکی پەرلەمانی کوردستان تۆمارکراوە، داوای بڕیار لەسەر نادەستووری بوونی یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستان ژمارە (٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧) و نادەستووریبوونی گرێبەستی حکومەتی هەرێم لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان و پابەندکردنی حکومەتی هەرێم بۆ بەرهەمهێنان و هەناردەکردن لەڕێگەی حکومەتی فیدراڵیەوە دەکات، لەبەر ڕۆشنایی ڕوونی بڕگەکانی دەستوور و مادده و فۆڕمەکانی ڕێککەوتنەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم، کە لە یاساکانی بودجەی ساڵانەی حکومەتی فیدراڵیدا ڕەنگدانەوەی هەبووە، چاوەڕوان دەکرا دادگا بڕیارێک دەربکات کە ڕێگە خۆشکەربێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان هەردوو لایەنی ناکۆکی و هەروەها سەکۆیەک بێت بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکە، بەتایبەتی لە نێوان هەردوو حکومەتەکەدا، هەروەک دەوترێت (دەکرێت دادگای دەستوری ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە بگێرێت لە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لەسەر دەسەڵاتەکان لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم، بە مەرجێک ئەو دادگایە خاوەنی پێکهاتەیەکی یاسایی شایستە و تایبەتمەندی یاسایی دیاریکراوبێت)[1]. بەڵام دادگای باڵای فیدراڵی لە زیاتر لە بڕیارێکیدا هۆکار بووە بۆ ئاڵۆزکردن وقوڵکردنەوەی ناکۆکیەکان لە نێوان ناوەند وهەرێم، تەنانەت ڕێگاکانی چارەسەری داخستووە.

دادگای باڵای فیدراڵی لە ٢٠٢٢/٢/١٥ بە دەنگی زۆرینە بڕیارێکی دەرکرد، دوای یەکخستنی ئەو دوو داوایە، کە تێیدا بڕیاریدا بە:

**١.** نادەستووریبوونی یاسای نەوت و گاز ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧ و هەڵوەشاندنەوەی.

**٢.** پابەندکردنی حکومەتی هەرێم بە ڕادەستکردنی سەرجەم بەرهەمەنەوتیەکان بە حکومەتی فیدراڵی و بەهێزکردنی دەسەڵاتی فیدراڵی لە گەڕان و دەرهێنان و هەناردەکردن و فرۆشتن.

**٣.** داواکار مافی ئەوەی هەیە بەدواداچوون بۆ پووچەڵی گرێبەستە نەوتییەکان لەگەڵ لایەنی دەرەکی (وڵاتان و کۆمپانیاکان) بکات.

---

[1] دکتۆر سەلاح جوبەیر بوسەیسی، دەسەڵاتی ویلایەتەکان یان هەرێمەکان بۆ ئەنجامدانی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، زانکۆی ئەهلی بەیت/https://abu.edu.iq/توێژینەوە.

٤. پابەندکردنی حکومەتی هەرێم بەوەی وەزارەتی نەوتی عێراق و دیوانی چاودێری دارایی فیدراڵی بتوانن پێداچوونەوە بکەن بەو گرێبەستە نەوتیانەی کە حکومەتی هەرێم ئەنجامیانداوەسەبارەت بە هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوت بەمەبەستی وردبینیکردنیان و دیاریکردنی ئەو مافە داراییانەی کە لە ئەستۆی کە حکومەتی هەرێمە، وە دیاریکردنی پشکی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتی ودوانەخستنی دوای جێبەجێکردنی هەموو برگەکانی ئەم بڕیارە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە.

٥. بڕیارەکە بە زۆرینەی دەنگ لەسەر بنەمای مادەکانی ٩٣/دووەم، ٩٤، ١١٠، ١١١، ١١٢، ١١٥، ١٢١ و ١٣٠ی دەستوور دەرچووە.

ئەو بەڵگانەی دادگای فیدراڵی بۆ بڕیارەکەی ئاماژەی پێداوە ناگاتە ئاستی پەسنکردنی بڕیارەکە وەک بڕیارێکی دادوەری بابەتی و بێلایەن، بۆیە بڕیارەکە دوورە لە ڕاڤەیەکی بڕواپێهێنەر کە چوونیەك بێت لە گەڵ بڕیاری مادەکان کە پشتی پێبەستووە لەگەڵ واقعە یاسایی و ماددییەکانی هەردوو سکاڵاکە، کە بەتەنها پشتی بەستووە بە وتەی داواکاران وەك بەڵگەی کۆتایی وبڕینەرەوە و بەڵگە دۆکیومێنتکراوەکانی پێشکەشکراو لەلایەن داوالەسەرکراوی پشتگوێ خستووە، کە لە لاپەڕەکانی دیکەی ئەم وتارە ئاماژەیان پێدەکەین، لەو کاتەدا تیانووسی وڵام دانەوەی داوا هاوپێچکرا کە داواکار نەیتوانی لە داوای ژمارە( ٥٩ / فیدراڵی / ٢٠١٢) تانوو لە ڕاستی هیچ یەکێکیان بدات.

ئێمە باسی ئەو بەڵگانە ناکەین کە دادگای باڵای فیدراڵی پشتگیری بڕیارەکەی پێکردووە بەم شێوەیە:

١. دادگا وای دادەنێت کە نەوت وغاز لەچوارچێوەی دەسەڵاتە حصریەکانی حکومەتی فیدراڵە پێچەوانەی برگەکانی دەستوور، بەو پێیەی بەتەواوی سەلمێنراوە کە نەوت و غاز لە مادەی (١١٠)دا باس نەکراوە کە تایبەتکراوە بە دەسەڵاتە حصریەکانی حکومەتی فیدراڵی، وە بۆ ئەو دەسەڵاتەی باسکرا هیچ تایبەتمەندی ودەسەڵاتێکی زیادە بوونی نیە، هەروەک ئەوەی دادگا بەهیچ شێوەیەك هیچ تایبەتمەندیەك یاخود دەسەڵاتێك بۆ حکومەتی فیدراڵی زیاد بکات، بەتایبەتی وەک پێشتر باسمان کرد، کە لەبنەڕەتدا مادەی (١١٠) لە دەستوور لەبەرگیراوەی وشەیی مادەی (بیست و پێنجەم)ی (یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ ماوەی ڕاگوزەری) وە برگەی (هـ)ی یاسای پێشووتر، کە پەیوەندی بە سامانە سروشتیەکانەوە هەیە[1]؛ لەوانەش نەوت و غاز، لە کاتی لەبەرگرتنەوە وگواستنەوەی

---

[1] حکومەتی ڕاگوزەری عێراقی بەشێوەیەکی حەصری تایبەتمەند دەبێت بەم بە کارانەی خوارەوە:

أ - داڕشتنی سیاسەتی دەرەوە و نوێنەرایەتی دیپلۆماسی و دانوستاندن لەسەر پەیماننامە و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان

واژۆکردن و کۆتایی هێنان پێی، وەداڕشتنی سیاسەتی ئابووری و بازرگانی دەرەکی و سیاسەتی قەرزە سەروەریەکان.

ب - دانان و جێبەجێکردنی سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانی، لەنێویاندا دامەزراندنی هێزی چەکدار وئامادەکردنیان بۆ پاراستن وپارێزگاری ودەستەبەرکردنی ئاسایشی سنوورەکانی وڵات و بەرگریکردن لە عێراق.

ج - داڕشتنی سیاسەتی دارایی و دەرکردنی دراو و ڕێکخستنی گومرگ و ڕێکخستنی سیاسەتی بازرگانی لە سنووری

مادەکەدا بەدەر کران بەمەش مادەی (١١٠)ی دەستوور بەبێ بوونی نەوت وغاز دێت، ئەمەش بەو مانایەیە کە دەسەڵاتی نەوت و غاز دەچێتە چوارچێوەی مادەی (١١٥)ی دەستوور، کە لە ناوەڕۆکەکەیدا دەقیهێناوە لەسەر ئەوەی (هەموو ئەو شتانەی دەقی لەسەر نەدراوە لە تایبەتمەندی ودەسەڵاتە حصریەکانی دەسەڵاتی فیدراڵی، لە تایبەتمەندی و دەسەڵاتی هەرێم و پارێزگاکانە کە لە هەرێمێکدا ڕێکخراو نین...)، وە لە ڕووی لۆژیکی یاساییەوە نەگونجاوە بڵێین کە بەهەڵە بەدەرکراون یاخود کردەیەکە هیچ کاریگەرییەکی نییە و هیچ دەرەنجامێکی لێناکەوێتەوە، بەڵکو هۆکاری بەدەرکردنەکە بەوشێوازەی کە هەیە پەیوەستە بە مادەی (٢٥ / هـ) کە بەڕێوەبردنەکەی بە ڕاوێژ لەگەڵ هەرێمەکان و پارێزگاکان دەبێت، ئەمەش وایکرد کە بخرێتە ناو دەسەڵات وتایبەتمەندیە هاوبەشەکان و دوورخستنەوەی لە تایبەتمەندیە حصریەکانی حکومەتی فیدراڵی.

**٢.** ئاراستەی دادگا بۆ زیادکردنی نەوت و غاز بۆ دەسەڵاتە حصریەکانی دەسەڵاتی فیدراڵی، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی (دەسەڵاتی فیدراڵی لەڕووی دەستوورییەوە تایبەتمەندە بە دانانی سیاسەتی ئابووری و بازرگانی دەرەکی پەیوەست بەسەروەری دەوڵەت، بۆیە پارێزگاکان یاخود هەرێمەکان بۆیان نییە دەستوور پێشێل بکەن )، کە ئەوش هیچ بنەمایەکی یاسایی نییە. وەدوو تێبینیمان لەسەر ئەم بەهۆکارکردنە هەیە کە دادگا لە بڕیارەکەیدا پشتی پێبەستووە:

أ- مادەی (١١٠/یەکەم) (دانان)ی سیاسەتی ئابووری و بازرگانی دەرەکیی پەیوەست بە سەروەری نەکردە چوارچێوەی دەسەڵاتە حصریەکانی دەسەڵاتی فیدراڵی، وە ئو بڕگەی باسکر دەقی نەهێناوە لەسەر ئەوە،بەڵکو ئەوەی کە هاتووە (کێشان)ی سیاسەتە نەوەک دانان ئەمەش شتێکە لەنێوان دووشتدا، کێشانی سیاسەت واتە دانانی هێڵە فراوانەکانی بابەتەکە بەبێ وردەکاری بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو . بەڵام سەبارەت بە (دانانی سیاسەت) وای دادەنێت کە لە دەسەڵات وتایبەتمەندی هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەیە کە لە هەرێمێکدا ڕێکنەخراون، بۆیە لەسەر دادگا بوو تێبینی ئەو دەستەواژە دەستوریانە بکات کە بەکارهێنراون و تێکەڵیان نەکات، کە بریتین لە (کێشان، دانان، جێبەجێکردن، ڕێکخستن)

---

هەرێم و پارێزگاکانی عێراق و داڕشتنی بودجەی گشتی دەوڵەت و داڕشتنی سیاسەتی نەختینەیی و دامەزراندنی بانکی ناوەندی و بەڕێوەبردنی.

د - ڕێکخستنی بابەتی پێوانە و قورسایی و داڕشتنی سیاسەتی گشتی بۆ کرێ.

هـ - بەڕێوەبردنی سامانە سروشتییەکانی عێراق، کە دەگەڕێتەوە بۆ هەموو خەڵکی هەرێمەکان و پارێزگاکان

بە ڕاوێژ لەگەڵ حکومەت و ئیدارەکانی ئەو هەرێم و پارێزگایانە. دابەشکردنی ئەو داهاتانەی کە لە ئەنجامی ئەم سامانەوە سەرچاوە دەگرن

لە ڕێگەی بودجەی گشتی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە، هاوتا لەگەڵ دابەشبوونی دانیشتوان بە گشتی وبە لەبەرچاوگرتنی ئەو ناوچانەی کە بە شێوەیەکی نادادپەروەرانە لە لایەن ڕژێمی پێشووەوە بێبەش کراون لێی، وەچارەسەرکردنی کێشەکانی

لە سەرانسەری وڵات بە شێوەیەکی ئەرێنی، و پێداویستی و پلەی گەشەسەندنی لە ناوچە جیاوازەکانی وڵاتدا.

و - ڕێکخستنی بابەتی ڕەگەزنامەی عێراقی و کۆچبەری و پەنابەری.

ز - ڕێکخستنی سیاسەتی پەیوەندییەکان.

وەهەر زاراوەیەک مانا وناوەڕۆکی یاسایی و ئابووری و کارگێڕی تایبەت بەخۆی هەیە، وەهەموو بازرگانیەکی دەرەکی بە بازرگانی پەیوەست بە سەروەری دانانرێت، چونکە بازرگانی پەیوەست بە سەروەری بریتییە لە بازرگانی نێوان وڵاتان، نەوەک مامەڵەکردن لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان کە بۆ تاکەکانیش بەردەستە.
**ب-** دەستوور سیاسەتی نەوت و غازی بە بڕگەیەکی دیاریکراو و مادەیەکی تایبەت دیاریکردووە کە هیچ پەیوەندییەکی بە مادەی (١١٠)ەوە نییە، کە ئەویش مادەی (١١٢)یە، و داوا دەکات کێشانی سیاسەتی نەوت وغاز لەلایەن حکومەتی فیدراڵیی و هەرێم پێکەوە بێت، بەمجۆرەش بە یەکێک لە تایبەتمەندی ودەسەڵاتە هاوبەشەکانی نێوان دەسەڵاتی فیدراڵی و هەرێمەکان وپارێزگاکان دادەنرێت کە لە هەرێمێکدا ڕێکخراو نین وە دەقەکە ڕوونە و پێویستی بە کۆشان و لێکدانەوە نییە، وە پشتگوێخستنی بەڕاشکاوی جێگەی سەرسوڕمانە. !!
هەروەها دەقەکە جیاوازی لە نێوان ئەو کێڵگە نەوتیانەی کە لە کاتی چوونە بواری جێبەجێکردنی دەستووردا بەرهەم داربوون کە پێیان دەگوترا (ئێستا) و کێڵگەکانی داهاتوو، بەڵام دادگا چاوی داخستووە لە ئاستیدا وپشتگوێی خستووە، بەڵکو بە ئاراستەی هەڵێنجانی دەروازەیەک ڕۆیشتووە کە بەوپەڕی پێوانەی یاسا گونجاونی یە کە بریتیە لە هەژمارکردنی نەوت و غاز لە چوارچێوەی دەسەڵات وتایبەتمەندیە حصریەکانی دەسەڵاتی فیدراڵی.
**٣.** دادگا دەستی خستۆتەسەر بڕگەی (سێیەم) لە ماددەی (١١٠)ی دەستوور، کە تێیدا هاتووە ڕێکخستنی سیاسەتی بازرگانی لە سنووری هەرێم و پارێزگاکان لە عێراق بە تایبەتمەندی دەسەڵاتی فیدراڵی دادەنرێت، و ئەمەش شتێکە کە هەردوو لایەن ناکۆکیان لەسەری نی یە، بەڵام ئایا پەیوەندی ئەم بڕگەیە چییە بە بابەتی نەوت و غاز و داوای یاسایی تۆمارکراو!؟ بە تایبەت ئەو بڕگەیەی کە باسمان کرد هیچ پەیوەندییەکی بە بازرگانی پەیوەست بە سەروەری لە سنووری نێودەوڵەتیەوە نییە کە لە (بڕگەی یەکەم)ی هەمان مادەدا هاتووە، بەڵکو پەیوەندی بە سنووری ناوخۆیی هەرێمەکان و پارێزگاکانەوە هەیە کە لە هەرێمێک ڕێکنەخراون، بەجۆرێک دەقەکە ڕوونە سەبارەت بە کێشانی کاروباری بازرگانی ناوخۆ، یاسادانەریش بە ڕستەی ( لە عێراق) کۆتایی بە بڕگەکە هێناوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دادگا لە بڕیارەکەیدا ئەو دوو بابەتەی تێکەڵ کردووەو ڕێکخستنی بازرگانی ناوخۆیی خستۆتە ناو بابەتەکە بەبێ هەبوونی هیچ پاسا ویاخود پشتگیریەکی یاسایی.
**٤.** دادگا پشتی بە مادەی (١١١) بەستووە، کە مادەیەکە مانا و چەمکێکی گشتی هەیە، وەک دادگا خۆی لە یەکێک لە دادبینیەکانیدا ئاماژەی پێکردووە و لە تۆمارەکانیدا پشتڕاست کراوەتەوە، و بەشێوەیەك کەس نکۆڵی لەوە ناکات کە خاوەندارێتی نەوت و غاز دەگەڕێتەوە بۆ هەموو گەلی عێراق، بەڵام خاوەندارێتی و بەڕێوەبردن دوو بابەتی لێکجودان، ئایا مەبەستی یاسادانەر ئەوەیە کە گەلی عێراق ڕاستەوخۆ دەست بەسەر بەڕێوەبردنی نەوتدا بگرێت، لە مادەی (١١٢/یەکەم) کە دەستبەجێ دوای مادەی (١١١)ی دەستوور دێت، بەشێوەیەکی بڕێنەرەوە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی نەوت و غاز لە کێڵگەکانی (ئێستا)و چۆنیەتی دابەشکردنی داهاتەکانی بەسەر هەرێمەکان و پارێزگاکان کە لە

هەرێمێکدا ڕێکخراونین یەکلاکردۆتەوە. هەروەها زانینی خەڵک کە خاوەنی داهاتی موڵکەکەیانن و چۆنیەتی دابەشکردنی، دادگا وەک ئارگیومێنتێک لە بڕیارەکەیدا پشتی پێبەستووە لە چوارچێوەی بودجەی ساڵانە وپڕۆگرامی وەبەرهێنان، کە ئەوەش هیچ پەیوەندی بەو کێشە و گرفتانە نی یە کە لە نێوان حکومەتی فیدراڵی وهەرێم هەیە، بەڵکو لەبنەڕەتدا ئەوە نابێتە بنەما بۆ بڕیارەکەی، بەو پێیەی ئەو بڕە بەرهەم هێنراوە دیار ودیاریکراوە و حکومەتی فیدراڵی  لە بەشە شایستەی هەرێم دەیبڕێت لە حاڵەتی هەناردەنەکردنی لەڕێگەی کۆمپانیای سۆمۆ، وە ئەم چارەسەرەیە لەسەری ڕێکەوتوون و جێگیرکراوە لە بودجەی گشتی ساڵانەی فیدراڵیدا، وە ئەوەی گرنگە بەهای بەرهەم داخڵ بە بودجەی گشتی دەوڵەت بووە (خەزێنەی دەوڵەت بە شێوەی نەختینە یاخود بە حوکمی وەریدەگرێت) وە لە کاتی دابەشکردنی داهاتەکان بەسەر هەرێمەکان وپارێزگاکان  کە لە هەرێمێکدا ڕێکنەخراون هەژمار دەکرێت، وە لە بودجەی ساڵانە بە دەق ئاماژە بە ئەنجامدانی پاکەوانی (مقاصە) لەنێوان هەردوو لایەن کراوە.

**٥.** دادگا لە بڕیارەکەیدا پشتی بەناوەڕۆکی مادەی (١١٥)ی دەستوور بەستووە، کە بە دەق تێیدا هاتووە: (هەرشتێک دەقی لەسەر نەهاتووە لە دەسەڵاتە حصریەکانی دەسەڵاتی فیدراڵی ، ئەوە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی هەرێمەکان و پارێزگاکانە کە لە هەرێمێکدا ڕێکخراو نین...)، وە ئایا لە مادەی (١١٠)ی دەستووردا هاتووە کە پرسی نەوت و غاز لە چوارچێوەی دەسەڵاتە حصریەکانە تا ئەوەی دادگا بڕیارەکەی لەسەر بنیات بنێت؟!

وە بۆچی دادگا ئەو مادەی پشتگوێخستوە کە لە پێشوودا باسکراو کە دەڵێت: ( دەسەڵاتەکانی دیکە هاوبەشن لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکان، وە لە حاڵەتی هەبوونی ناکۆکی لە نێوانیاندا لە پێشینەیی بۆ یاسای هەرێمەکان وپارێزگاکانە کە لە هەرێمێکدا ڕێکخراو نی)، هەموو ئەوەی کە دادگا مەبەستیەتی لە بنیاتنانی بڕیارەکەی لەسەر ناوەڕۆکی مادەی ئاماژە پێکراو بریتیە لەوەی کە نەوت وغاز لە چوارچێوەی تایبەتمەندیە حصریەکانی دەسەڵاتی فیدراڵی یە، و هەموو ئەوەی کە لە مادەی (١١٢) ی دەستووردا هاتووە پشتگوێخستووە کە وای دادەنێت نەوت وغاز بەڕێوەبردنەکەی وکێشانی سیاسەت وستراتیژەکەی لە تایبەتمەندیە هاوبەشەکانە لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و  هەرێم وپارێزگاکان کە لە هەرێمێکدا ڕێکخراونین،  هەروەها چاوپۆشی کردووە لە یاسای دانراو لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی ژمارە (١٩) ی ساڵی ٢٠١٣ هەموارکراوی یاسای پارێزگا ڕێکنەخراوەکان لە هەرێمێکدا ژمارە (٢١) ی ساڵی ٢٠٠٨[1].

**٦.** دادگا جەختیکردۆتەوە لەوەی کە بەڕێوەبردنی حکومەتی فیدراڵی بۆ نەوت و غاز کە وەزارەتی نەوتی فیدراڵی پێی هەڵدەستێت، ملکەچ دەبێت بۆ بە بڕیارەکانی یاسا بەرکارەکان کە تا ئێستاش کاریان پێدەکرێت بە پشتبەستن بە مادەی (١٣٠)ی دەستوور، و لەنێو ئەو یاسایانەدا یاسای ڕێکخستنی وەزارەتی نەوت ژمارە (١٠١)ی ساڵی ١٩٧٦ و یاسای سامانی هایدرۆکاربۆنی ژمارە ٨٤ی ساڵی ١٩٨٥ هەیە[2]، وەچاوپۆشی کردووە لە

---

[1] یاسای ژمارە ١٩ی ساڵی ٢٠١٣ هەمواری مادەی (٢)ی یاسای پارێزگاکان کە لە هەرێمێکدا ڕێکخراونین ژمارە ٢١ی ساڵی ٢٠٠٨.

[2] دەقی مادەی (١٣٠)ی دەستوور (ئەو یاسایانەی بەرکارن کاریان پێدەکرێت مادام هەڵنەوەشاونەوە یان هەموارنەکراون بەپێی بڕگەکانی ئەم دەستوورە).

مادەی (١٣)ی دەستوور، کە دەستوور بە یاسای بەرز و باڵا دەزانێت، و وای دادەنێت هەر دەقێک لە دەستووری هەرێمەکان یاخود یاساکان ناکۆک بێت لەگەڵی ڕەتدەکرێتەوە[١].

بە پشت بەستنی دادگا بەم تێروانینە بڕیاری پێشینەیەکی دادوەری زۆر مەترسیداری داوە کە بریتیە لە مانەوەی یاسا کۆنە ناکۆکەکان لە گەڵ بڕیارەکانی دەستوور تا نا کۆتا.... ئەوەش دیلی ویستی وەزارەت وکارگێڕیە حکومیەکانە، ئەگەر بیهەوێت پڕۆژەیەک بۆ پووچەڵکردنەوە یاخود هەموارکردن لەخۆ دەگرێت و وە ئەگەر نەیهەوێت ئەوا خۆی لێ بێ ئاگادەکات تا نا کۆتا، هەروەک وەزارەتی نەوتی فیدراڵی ئەنجامیدا. لێرەدا بۆمان هەیە بپرسین ئایا ئەو هەڵوێستە بە دژایەتی دەستوور وپاشەکشەکردن لە بڕیارەکانی وگەڕانەوە بە ئاراستەی حوکمڕانی ناوەندی دانانرێت!؟.

وە ئایا دامەزرێنەری دەستوور مەبەستی لە پشت دانانی مادەی (١٣٠) ئەوە بوو واز لە یاسا ناکۆکەکان لەگەڵ دەستوور بهێنێت کە بەرکاربوون پێش هاتنەکایەی ئەم دەستوورە لە بەر ئەوەی پووچەڵ یاخود هەموارنەکراون، یاخود مەبەستی ئەو یاسایانەیە کە پێش بەرکاربوونی دەستوور بوون وناکۆک نەبوون لەگەڵ بڕیارەکانی!؟ وەڵامەکە لە دەقی مادەی (١٣)ی دەستووردایە بەهەر دوو بڕگەی (یەکەم و دووەم)ەوە، بەو مانایەی دادگا ئاراستەی خۆی لێ هەڵێنجا ئەوا دانانی مادەی (١٣) بێهودە بووە؟! .

سەرباری ئەوەی کە بڕیاریدا بە هەڵوەشاندنەوەی یاسای هەرێم بەهۆی ناکۆک بوونی لەگەڵ یاسایەکی ناوەندی کە پێش هەبوونی دەستوورە وناکۆکە لەگەڵ فەلسەفەی فەرمانڕەوایی کە دەستوور ڕێساکانی لەسەر چەسپاندووە، خۆ ئەگەر لەپێشینەیی بدرێت بە یاسای هەرێم لە حاڵەتی ناکۆکی لەگەڵ یاسایەکی دەرچوو لە دەسەڵاتی فیدراڵی لە ناوەند پاش ئەوەی دەستوور چۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەوا هیچ گومانی تێدانی یە کە لەپێشینەیی بۆ یاسای هەرێمە لە حاڵەتی ناکۆکی لەگەڵ یاسایەك کە دەرچووە پێش بەرکاربوونی دەستوور، ئەوەش دەربڕی سیاسەتێکی دژیەکە لەگەڵ ئەو قۆناغەی دەستوور بنچینەی کردووە. سەرباری ئەوەی دەقی یاسایی ناکۆکلەگەڵ دەستوور بە پووچەڵ لە قەڵەم دەدرێت لە بەرواری بەرکاربوونی دەستوورەوە، وە ڕێکارە یاسادانەریەکانی تایبەت بە هەڵگرتنی ناکۆکی ( هەڵوەشاندنەوە یاخود هەموارکردن) تەنها دەرخەری پووچەڵیە وپارێزگاری لە پووچەڵی ناکات لە ماوەی بەرکاربوونی وە ڕەوایەتی پێنادات لە ماوەی جێبەجێکردنی تاوەکو هەڵوەشاندنەوەی یاخود هەموارکردنەوەی، وتنی هەرشتێک بە پێچەوانەی ئەوە واتا پەکخستنی دەقی دەستووری وپێدانی ڕەوایەتی بە دەقێکی پووچەڵ بۆ جێبەجێکردنی ئەوش دەرەنجامی درێژە کێشانی نە هاتنەپێشەوەی دەسەڵاتی تایبەتمەند بۆ ئەنجامدانی ئەوەی کە پێویستە بۆ هەڵگرتنی ناکۆکی لە نێوان دەقێکی یاسایی (پووچەڵ) و دەستوور، ئەوەش بەهۆی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتەکەی،وە هەروەها ئەو چاوپۆشیکردنە لەو هەڵوێستە وەک پاداشت هەژمار دەکرێت بۆئەو خراپ بەکارهێنانەی دەسەڵاتەکەی.

---

[١] دەقی مادەی (١٣)ی دەستوور: (یەکەم: ئەم دەستوورە یاسای بەرز و باڵایە لە عێراقدا، وە لەسەرتاسەری بەرکارە بەبێ جیاوازی.

دووەم: دروست نییە دەرکردنی یاسایەک کە پێچەوانەبێت لەگەڵ ئەم دەستوورە، وەهەموو دەقێکی کە دژیەک بێت لەگەڵی لە دەستووری هەرێمەکان یاخود هەر دەقێکی یاسایی ئەوا بەپووچەڵ دادەنرێت).

٧. ئەوە تێبینی دەکرێت لە بڕیاری دادگا ئەوەیە کە بابەتێکی گرنگی پشتگوێ خستووە، ئەوەیە کە بریکاری داوا لەسەرکراو ( وەزیری سامانە سروشتیەکان ) لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، داوای پووچەڵکردنەوەی داوانامەی داواکەی کردووە لە دانیشتنی دادبینی لە بەرواری ٢٠٢٢/١/١٧ لەبەر ئامادەنەبوونی داواکار یان بریکارەکەی ئەمەش پشتبەست بە بڕیاری مادەی(٢/٥٦) لە یاسای دادبینی شارستانی ژمارە (٨٣) ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو کە دادبینیەکانی دادگای باڵای فیدراڵی بەپێی بڕیارەکانی ئەم یاسایە ئەنجام دەدرێن، کە دەقیهێناوە لەسەر ئەوەی : ( ئەگەر داواکار ئامادەنەبوو وە داوا لەسەرکراو ئامادەبوو ئەوا بەو هۆیە دەتوانێت داوای پووچەڵکردنەوەی داوانامەکە بکات یاخود داوای بینینی ڕەتدانەوەکانی بۆ داواکە بکات بە شێوەی نائامادەیی. لەو کاتەدا دادگا بۆ داواکە جێگیر دەبێت ئەگەر بینی کە کۆکە لەگەڵ یاسا)، سەرباری جێگیرکردنی داواکاری بریکاری داوا لەسەرکراو لە کۆنووسی دانیشتنەکەدا، بەڵام دادگا فەرامۆشی کردووە ویەکلای نەکردۆتەوە ولە چوارچێوەی بڕیارەکەدا ئاماژەی بۆ نەکردووە.
٨. نەبوونی مەرجی بەرژەوەندی وناکۆکی لە داواکەدا، کە پێویست بوو مەرجەکانی بەرژەوەندی هەبوونایە لە داوای بەرزکراوە لە لایەن داواکارەوە لە داوای ژمارە (١١٠/فیدراڵی/ ٢٠١٩) کە دەقی لەسەر دراوە لە مادەی (٦/یەکەم/ دووەم/ سێیەم) لە پەیڕەوی ناوخۆی دادگای باڵای فیدراڵی ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ کە بەهیچ شێوەیەک لە داواکاریەکەیدا بوونی نیە، وە هیچ بەرژەوەندیەکی دیار وبەرجەستە وبەدیهاتوو یاخود گریمانەی بەدیهاتنی بکرێت نیە، وە زەرەر مەندی مادی یاخود مەعنەوی نەبووە لە یاسای نەوت وغازی هەرێمی کوردستان، وە ئەوەی بۆی دیاریکراوە بەهۆی هەبوونی ئەم یاسایە کەمی نەکردووە وبە هەڵوەشاندنەوەشی زیاد ناکات، وە لەلایەن حکومەتەوە ڕانەسپێردراوە ودەسەڵاتی بەرزکردنەوەی داوای لەبری ئەوان پێنەدراوە، وە هەروەها بەرپرس نی یە لە سیاسەتی حکومەت بەرامبەر حکومەتی هەرێم، یاخود ڕانەسپێردراوە لەبری حکومەت قسەبکات، بەڵکو بەرزکردنەوەی ئەم داوایەی بە سیفەتی کەسی بووە، نەوەک بە نوێنەرایەتی ئەنجومەنی پارێزگای بەسرە، پاشان بەرهەمهێنانی نەوت وغاز لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان بوەتە هۆی کەمکردنەوەی قورسایی لەسەر بودجەی گشتی حکومەتی عێراق بەوپێیەی هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق وشایستەی پشکی خۆیەتی لە بودجەی گشتی وەک مافێکی دەستووری، ئەوەش وەک پێشەنگی بۆ هەموو بەشەکانی دیکە، وە ئەگەر نەوت وغاز بەرهەم نەهێنابا ئەوا پارەدارکردنی پشکەکەی لە داهاتی تەواوی بەشەکانی دیکەی عێراق دەبوو کە بە (ترلیۆنێك و٢٠٠ ملیار دینار) مەزەندە دەکرێت، لە کاتێکدا حکومەتی فیدراڵی پاڵپشتی حکومەتی هەرێم دەکات بە پارەدارکردنی بە (٢٠٠ ملیار دینار) کە بڕی ترلیۆنیك دیناری لێدەبڕێت.
لەبەر ئەوە دادگا لە بڕیارەکەیدا کە بابەتی توێژینەوەمانە پێچەوانەی بڕیارەکانی هەردوو مادەی (٤) و(٥) ی یاسای دادبینی شارستانی ژمارە (٨٣) ی ساڵی ١٩٦٩ ی هەموارکراو کردووە، وە لەسەریەتی کە لەخۆڕا بڕیاربدات بە ڕەتکردنەوەی داواکە لەبەر بەدینەهاتنی مەرجی بەرژەوەندی لەلایەن داواکارەوە، بەوپێیەی ناکۆکی بەدینەهاتووە ونا ئاڕاستەکراوە پاڵپشت بە مادەی (٨٠/یەکەم) لە یاسای دادبینی شارستانی.

٩. دادگای باڵای فیدراڵی لە هۆدارکردنی بڕیارەکەی پشتی بەستووە بە بڕیارەکانی دادگایەکی ئەمریکی لە پێشینەیەکی بێوێنەدا کە لە پێشینەکانی دەسەڵاتی دادوەری عێراقیدا هاوشێوەی نەبووە، لە کاتێکدا دەبوو خۆی لێی بەدوور بگرێت بەهۆی هەبوونی پێشینەیەکی دیکە کە بڕیارێکی دەرچووە لە دادگای باڵای فیدراڵی بە کۆدەنگی لە داوای (٦٦/ وهاوشێوەکانی ٧١و ١٥٧ و ٢٢٤/ فیدراڵی/٢٠٠٨) لە بەرواری ٢٠١٩/١/٢٣، کە تایبەتە بە کۆمپانیای نەوتی نیشتیمانی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٨ کە لە ناوەڕۆکی بڕیارەکەدا هاتووە ( دادگای باڵای فیدراڵی وای دادەنێت بوونی هەر دەقێک لە یاسادا کە سەربکێشێ بۆ داماڵینی تایبەتمەندیەک لە تایبەتمەندیە حەصریەکانی دەسەڵاتی فیدراڵی یاخود هاوبەشەکان لە نێوان دەسەڵاتی فیدراڵی و دەسەڵاتی هەرێمەکان وپارێزگاکان کە بەرهەم هێنەری نەوت وغازن، بە پێچەوانەی دەستوور لەقەڵەم دەدرێت وپێوویستە بڕیار بە نادەستووری بوونی بدرێت).

لەسەر بنەمای ئەوەی کە پێشکەشکرا " لەم بڕگەیەدا " دادگای باڵای فیدراڵی بڕیاریدا:
بڕیار بە نادەستووری بوونی ئەم مادانەی کە دێن:

أ- وای دادەنێت کە مادەی سێیەم لە یاساکە نادەستووری یە، لەبەر ئەوەی ئەو ئەرکانەی ئامانجەکانی کۆمپانیای نەوتی نیشتیمانی پێیەهەڵدەستێت ناکۆك دەبێت لەگەڵ بڕیارەکانی مادەی (١١٢) بە هەردوو (یەکەم و دووەم) ومادەی (١١٤)ی دەستوور، چونکە ئەو ئەرکانەی باسکراون دەگەڕێنەوە بۆ حکومەتی فیدراڵی لەگەڵ حکومەتی هەرێمەکان وپارێزگاکانی بەرهەم هێنەری نەوت کە کردەی باشترین سوود لێبینینە لە سامانی نەوت وغاز ودۆزینەوە وئامادەکردن وپەرەپێدان وبەرهەم هێنان وبەبازاڕکردن و هەموو چالاکیە پەیوەستەکانە پێی سەرباری وەبەرهێنان لە پیشەسازی پارەدارکردنی نەوتی وغازی بۆ دەستەبەرکردنی زۆرترین داهات وکەمترین خەرجی وتێچوو کە بەدیهێنەری ئەوپەڕی سودە بۆ گەلی عێراقی. لەکاتێکدا دادگای باڵای فیدراڵی لەو بڕیارەیدا کە بابەتی ئەم نووسینەیە تایبەتمەندی ودەسەڵاتە هاوبەشەکانی بەتەواوی پشتگوێ خستووە.

ب - بڕیاری داوە بە نادەستووری بوونی ئەوەی لە بڕگەی (سێیەم) لە مادەی (٤) دا هاتووە کە دەقیهێناوە لەسەر ئۆپەراسیۆنەکانی گەڕان وبەرهەم هێنان وگواستنەوە وئەمبارکردن وبەبازاڕکردن و ئۆپەراسیۆنە پترۆلیەکان کە پەیوەندیدارن و هەروەها ئەوەی لە بڕگەی (پێنجەم) هاتووە کە بە دەق ئاماژەی داوە بە پەرەپێدانی هەوڵەکان لە ئۆپەراسیۆنەکانی دەرهێنان وبەبازاڕکردن وپیشەسازی نەوتی وغازی یاخود وەبەرهێنانی کێڵگە هاوبەشەکان لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ ، دادگا وای دادەنێت کە هەموو ئەو چالاکیانەی باسکران دژیەکە لەگەڵ مادەی (١١٢) ی دەستوور ، وە هەروەها وای دادەنێت کە بەبازاڕکردن لەچالاکیەکانی کۆمپانیای پەیوەندیدار بە وەزارەتی نەوتە.

ج - هەروەها دادگا وای دادەنێت کە ئەوەی لە مادەی (٨) ی یاسای کۆمپانیای نەوتی نیشتیمانی هاتووە ودەقیهێناوە لەسەر کارەکانی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن زۆرینەی هەرەزۆری لە تایبەتمەندی حکومەتی فیدراڵی یە لەگەڵ هەرێمەکان وپارێزگاکانی بەرهەمهێنی نەوت (پێکەوە).

د - هەروەها دادگا وای دادەنێت کە ئەوەی یاسای کۆمپانیای نەوتی نیشتیمانی لەخۆی گرتووە تایبەت بە داهاتە داراییەکانی کۆمپانیا وسوودەکانی وچۆنیەتی دابەشکردنی،

دژیەکە لەگەڵ مادەکانی (١٠٦) و(١١١) و(١١٢)ی دەستوور، کە ئەو مادانە تایبەتن بە بەشداری حکومەتی فیدراڵی وهەرێمەکان وپارێزگا رێکنەخراوەکان لە هەرێمێکدا لە خاوەنداریەتی وبەڕێوەبردن ودابەشکردنی داهاتەکانی نەوت وغاز.

ئەوەی جێگەی داخە ئەوەیە کە دادگای باڵای فیدراڵی لە کاتێکدا پشتی بەستووە بە پێشینەیەکی دادوەری بیانی کە لە بنەڕەت دا تەواو نی یە، بەجۆرێک کە بڕیارێکی دیکەی دەرنەکردوە وەک پێداچوونەوە بە لەبەرچاوگرتنی فرۆشی بڕی نەوتی ناکۆکی لەسەر ودەرچوونی لەژێر دەستی کۆمپانیای خاوەن دەست، وە دوورکەوتنەوە لە گەڕانەوە یاخود بەبەڵگە هێنانەوەی بڕیارێکی پێشوو کە بە (کۆدەنگی) دەریان کردووە و دوو ساڵ زیاتر بەسەریدا تێپەڕنەبووە.

١٠. دادگا مامەڵەی لەگەڵ بابەتی دەرەوەی بابەتی دۆسیەکە و زانیارییەکانی دەرەوەی بازنەی لێکۆڵینەوەی دادگا کردوە، کە لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە بۆ مەبەستی سیاسی بڵاوکراوەتەوە بۆ پەردەپۆشکردنی سیاسەتی حکومەتی فیدراڵی بە ڕاگرتنی پشکی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٤وە وپارەدارنەکردنی هەرێم بەوشێوەی کە لەسەری ڕێککەوتوون، و ڕەتکردنەوەی پارەدارکردنی دارایی هەرێم بەجۆرێک کە دەستبەری خەرجکردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم بکات لە کاتی خۆیدا، ئەمەش پابەندبوونێکە دەکەوێتە سەر حکومەتی فیدراڵی، بە لەبەرچاوگرتنی مووچەی فەرمانبەران، خانەنشینان ، شەهیدان، و زیندانیانی سیاسی وەک یەکێک لە مافەکانی هاووڵاتیبوون، وەبەتێروانینی نەدەبوو دادگا لەم دەرگایە بدات و هەست و سۆزی هاووڵاتیانی کوردستان بورووژێنێت، کە ئەمەش میتۆدێکە دوورە لە ئەرک وبەرپرسیاریەتەکانی دادگا، وە لە کاتێکدا کە دەبوومافی هاوڵاتیانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە بودجە بگەیەنێت ئامانج و دوای نەخات، مافی هاوڵاتیانی بەستەوە بە مەرجی جێبەجێکردنی سەرجەم بڕگەکانی بڕیارەکە بەبێ هەبوونی هیچ بنەمایەکی یاسایی. بەم کارەش دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی تێپەڕاندووە و دەسەڵاتێکی گرتوتەبەر کە بۆ خۆی ناگەڕێتەوە.

١١. بە دەرکردنی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستان ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧، دادگا دەسەڵاتی خۆی تێپەڕاندبوو و دەبوو بەبێ گوێدانە ڕەوایەتی بڕیارەکەی، بڕیار بدات کە یاساکە نادەستوورییە و نوەک هەڵوەشاندنەوەی، چونکە هەڵوەشاندنەوە کردەیەکی پەیوەست بە یاسادانانە پەیوەستە بەو لایەنەی کە یاساکەی دەرکردووە، کە پەرلەمانی کوردستانە، ئەمە لەلایەک ولە لایەکی دیکەوە بڕیارەکەی بۆ هەڵوەشاندنەوەی یاساکە بە تەواوی وبەبێ قسەکردن لەسەر ئەوەی کامە پێچەوانەی بڕگەکانی دەستوورە و داوای هەموارکردنەوەی بکات، ئەوەش وەرگرتنەوەی مافی یاسادانانە لە هەرێم کە بەدەستوور دانپێدانراوە بۆ دەسەڵاتەکانی هەرێم[1].

١٢. دادگا لە بڕیارەکەیدا جیاوازی نەکردووە لە نێوان ئەو کێڵگانەی (ئێستا) کە لە دەستووردا لە مادەی (١١٢/یەکەم)دا ئاماژەی پێکراوە، کە بەڕێوەبردنیان لە نێوان

---

[1] لە مادەی (١٢١)ی دەستووردا هاتووە:
یەکەم: مافی دەسەڵاتدارانی هەرێمە بەپێی بڕگەکانی دەستوور مومارەسەی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری بکەن، جگە لەوەی لە دەسەڵاتە حەصریەکانی حکومەتی فیدراڵی دا هاتووە.

حکومەتی فیدراڵی و حکومەتەکانی هەرێم و پارێزگارەکاندا هاوبەشە کە بەرهەمدار بوون پێش ئەوەی دەستوور بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، و لە نێوان کێڵگەکانی(داهاتوو) کەبەرهەم داربوون دوای چوونە بواری جێبەجێکردنی دەستوور، کە دەقی مادەی (١١٥) دەیانگرێتەوە. دادگا تێکەڵاوی کردووە لە نێوانیاندا سەرەڕای جیاوازی بڕگەکانی دەستوور دەربارەیان.

**١٣.** بڕیارەکەی دادگای باڵای فیدراڵی کە چوارچێوەی توێژینەوەمان بوو وەک سەرسوڕمانێک بوو بۆ ڕای گشتی یاساناسان ومافپەروەران لە دادوەران وپارێزەران لە هەرێم و زۆری دیکە لە دەرەوەی هەرێم[١]، چونکە دادگا سەرکەوتوو نەبوو لە جێبەجێکردنی ئەو بڕگە دەستووریانەی کە پشتی پێبەستبوو لەسەر واقعی هەردوو داواکە و خۆی لە تاوتوێکردنی بەڵگەنامە و ڕاستییەکانی داواکە بەبێ لایەنانە بەدوور گرتووە، وەهەروەها مادەکانی دەستووری بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجێکی سیاسی کە لە پێشتردا گەڵاڵە بووە لێکداوەتەوە، کە بریتییە لە هێشتنەوەی بەڕێوەبردنی ئۆپەراسیۆنە نەوتییەکان لەدەستی دەسەڵاتی فیدراڵی، و بەمجۆرە دادگای فیدراڵی، لە دەرکردنی ئەم بڕیارەدا، ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی گرتۆتە ئەستۆ بۆ قووڵکردنەوە و ئاڵۆزکردنی ململانێی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵی، و هیوادارین دوا بڕیار بێت کە دەبێتە هۆی داخستنی ڕێگاکانی چارەسەرکردنی قەیران و کێشەکانی عێراق.

وە قۆستنەوەی دەرفەتی گونجاو بۆ سەرلەنوێ پێداچوونەوە و ڕاستکردنەوەی بۆ ئەوەی ببێتە بڕیارێکی بێ لایەنانەو ببێتە نیشانی دادپەروەری، چونکە ئەوەی لە بڕیارەکەیدا بۆی چووە ڕاست نی یە لەژێر ڕۆشنایی بڕگەکانی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ تەنها بە هەموارکردنەوەی بڕگەکانی نەبێت، وە نە بەدەستهێنانی لەڕێگەی تەفسیر گەلێک کە پەسەندی لۆژیکی یاسایی نی، ئەمەش ڕەنگە ببێتە هۆی پۆلێنکردنی بڕیارەکەی لەنێو ئەو بڕیارانەی کە وەک نەبوو لەبنەڕەتدا هەژمار دەکرێن بەوپێیەی هیچ کە پاڵپشتیەکی دەستووری ویاساییان نی یە و وەک جێگیر بووە لە فیقە وقەزا دا هیچ جۆرە شوێنەوار ودەرەنجامێکیان لەسەر دروست نابێت.

---

[١] دکتۆر سەداع دولەیمی، توێژینەوەیەک لەبەرواری ٢٠٢٢/٢/١٧ لە سۆشیال میدیا بڵاوکراوەتەوە.